ڕەنگدانەوەی شوناس و کەسایەتی منداڵان و نەوجەوانان لە نیگارکێشاندا
(شیکارییەکی بەراووردکاری لەژێر ڕۆشنایی تیۆریاکانی یۆنگ، ئێریکسۆن، لووینفێڵد)

د. کۆسار رشید امین[1]، م.ی. نەوشیروان علی حسین [2]
[1]دکتورای لێکۆڵینەوەی هونەر، نازناوی زانستی: مامۆستا، شوێنی کار: سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان.; kosar.amen@univsul.edu.iq
[2]ماستەر لەهونەری نیگارکێشان، نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر، شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی هونەرجوانەکان، بەشی شێوەکاری.
nawshirwan.huseein@univsul.edu.iq [2]

نووسەری پەیوەندیکار: د. کۆسار رشید امین*

پوختە:
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی فرەڕەهەندی ئەکادیمیە، کە تیۆریاکانی سێ تیۆریستی جیهانی دەناسێنێت لە ڕێی بەراووردکردنیان لەگەڵ نیگاری منداڵان و نەوجەواناندا، ئەویش لەپێناو دۆزینەوەی ئەوپەیوەندییە ئۆرگانیەی کە بوونی هەیە لە نێوان نیگاری منداڵ و پێکهاتەی کەسایەتیەکەیدا. لە ئێستا کە جیهانی مۆدێرن دەناڵێنێت بەدەست قەیرانی شوناس و جەنجاڵی نیشانە و هێماکانەوە، وێنەی (منداڵ و نەوجەوان)یش، وەکو دەقێکی گوفتاری و دەرونی خۆی نیشان دەدات، کە تێیدا داهاتوی منداڵ و دنیا شاردراوە ناوەکیەکەی بەیاندەکات. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە خۆیلەوەدا بەرجەستە دەکات: چۆن دەتوانین بچینە ناوجیهانی ١٦ جۆر کەسایەتیەکەی (کارڵ گۆستاف یۆنگ) لە ڕێگەی شیکاری فۆرم و ڕەنگ و هێڵی نیگاری منداڵانەوە، پاشان چۆن قۆناغەکانی گەشەی شوناسی (ئێریک ئێریکسۆن) لەو نیگارانەدا دەستنیشان بکرێن؟ ئەم توێژینەوەیە لە گۆشەنیگایەکی دیاردەناسی(فێنۆمینۆلۆژی)ەوە، میتۆدی (وەسفی-شیکاری) بەکاردەهێنێت. لە بەشی تیۆریدا، هەوڵدەدرێت فەلسەفەی جوانی و گوزارشت لەلای (ڤیکتۆر لووینفێڵد) بەکاربهێنرێت وەکوپردێک، ئەویش لە پێناو بەستنەوەی کارکردە دەروونیەکانی یۆنگ بە قۆناغەکانی ئیرادە و شوناس لای ئێریکسۆنەوە. ڕەهەندی داهێنەرانەی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کەوا وێنەی منداڵ وەکو گەشەیەکی بایۆلۆژی لە بەرچاو ناگرێ بە تەنیا، بەڵکو بەراووردیان دەکات بە تیۆریاکان، پاشان وەکو بەڵگەیەکی بوونگەرایی خوێندنەوەی بۆ دەکات، کە منداڵ جیهانبینی خۆی و داهاتووی شایستەی تێدا بونیاددەنێت. هەروەها لە بەشی پراکتیکیشدا، توێژینەوەکە شیکاری بۆ چەند نموونەیەک لە وێنەی منداڵ و نەوجەوان ئەنجامدەدات، تاوەکو بیبەستێتەوە بەتیۆریاکانی ئەوسێ دەروننناسە جیهانیەوە و لە چوارچێوەی تیۆریاکانی ئەواندا شرۆڤە و خوێندنەوەیان بۆبکات. بۆیە لەڕێی نیشانەناسی (سیمۆلۆژیا)ی وێنەکردنەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە چۆن تایپە هەستیەکان فەزای وێنەیی بەکاردەهێنن لە بەرامبەر تایپە ئیلهامیەکان دا و چۆن قەیرانی شوناس ڕەنگیداوەتەوە لە گۆڕانی هێڵ و شێواندنی فۆرمەکاندا. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە جەخت لەوە دەکەنەوە تێگەیشتن لە تایپۆلۆژیای کەسایەتی مەرجی بنەڕەتیە بۆ هەر گۆڕانکاریەکی ڕاستەقینە لە سیستەمی پەروەردە و پاراستنی منداڵدا. دواجار ئەم توێژینەوەیە ڕاسپاردەی کرداری بەدامەزراوە حکومی و ئەکادیمیەکان پێشکەشدەکات تاکایەی(هونەر) وەکو ئامرازێکی ستراتیژی بەکاربهێنن لە پێناو ناسینەوەی پێویستیەکانی نەوەی نوێ و بونیادنانی داهاتوویەکی شایستە.

ووشە کلیلییەکان: نیگارکێشانی منداڵ، ڕەنگدانەوەی شوناس، کەسایەتی منداڵ و نەوجەوان، تایپۆلۆژیای یۆنگ، شوناسی ئێریکسۆن، گوزارشتی لووینفێڵد.

پێشەکی:
لە مێژووی شارستانیەتدا، (وێنە) یەکەمین مانیفێستی هۆشیاری مرۆڤ بووە. پێشئەوەی زمان ببێتە هۆکار و ئامرازی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە ڕێگەی هێما و گرافیکەوە جیهانبینی خۆیان تۆمار کردووە. مرۆڤ بەرلەوەی فێری زمانی گفتوگۆ و ئاخاوتن ببێت، وێنەی وەکو ئامرازی گواستنەوەی مەعریفە و گفتوگۆ بەکارهێناوە. هەربۆیە لە دنیای دەروونناسیدا وێنە وەکو زمانێکی جیهانی سەیر دەکرێت بۆ گەیشتن بەقوواڵییەکانی کەسایەتی منداڵ. بەسەر پرسنامە نووسراوەکانیشدا، وێنەکێشان خاوەن سوودێکی گەورەیە، چونکە ڕێگەدەدات بەبێ سانسۆر ئەوەی لە ئێگۆ و نەستی تاکدا دەگوزەرێت، دەربکەوێت. هونەری منداڵ، هەرگوزارشتێکی سادەی وێنەیی نیە وەکومانیفێستێکی فێنۆمینۆلۆژی بە تەنیا، بەڵکو زمانێکی جەوهەری و پێش ئاخاوتنە کە(نەست)ی تاک تێیدا دەکەوێتە دیالۆگێکی بەردەوام لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. لە ئێستادا و لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا کەوا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی قەیرانی شوناس و جەنجاڵی و ئاڵۆزی سیمبولەکان بووەتەوە، وێنەی منداڵ وەکو دەقێکی کراوە خۆی نمایشدەکات کە بونیادە دەروونیەکان تێیدا بەدەر دەکەوون و ڕەنگدەدەنەوە بەبێ سانسۆر. لەم سۆنگەیەوە، نیگارکێشانی منداڵان و نەوجەانان وەکو دەقێکی جەوهەری سەیردەکرێت کە نائاگایی تاکەکەسی و بە کۆمەڵ تێیدا بەیەک دەگەن.

ئەم توێژینەوەی ئێمە، هەوڵێکی ئەکادیمی (نێوان-کایەیی-فرە پسپۆڕی)یە، بۆ ناساندنی تیۆریاکانی هەرسێ دەروننناسی جیهانی (یۆنگ، ئێریکسۆن، لووینفێڵد)، دەربارەی نیگارکێشانی منداڵ، هاوڕا لەگەڵ نمونە وێنەی منداڵان لە پێناو ڕونکردنەوەی زیاتری تیۆریاکانیان بۆ خوێنەر. وێنەی منداڵ لە ڕوانگەیەکی فێنۆمینۆلۆژییەوە، هەرڕەنگدانەوەی (بینین و چاو) نیە بە تەنیا، بەڵکو مانیفێستی (بوونی) منداڵەکەیە لە ناو جیهاندا. نیگارکێشان لێرەدا دەبێتە پرۆسەیەک بۆبونیادنانی شوناس و گوزارشتکردن لەو(خود)ەی کە هێشتا زمانی ئاخاوتن ناتەواوە لە گواستنەوەیدا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:

١- کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، بە لایەکدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وەکو پێویست تێوریای دەروننناسە جیهانی و بە ناوبانگەکان بەزمانی کوردی بەردەست نین بۆ شیکاری سایکۆلۆژی هونەری منداڵ. بە لایەکی دیکەشدا جیهانی مۆدێرن و سیستەمە پەروەردەییە باوەکان، زۆرجار وێنەی منداڵ وەکو چالاکیەکی لاوەکی و جوڵەیەکی بایۆلۆجی، یاخود بە خۆسەرقاڵکردن دەیبینن، بە بێئەوەی درک بکەن بەوکۆدە دەروونیە قوواڵنە کە خۆیان حەشارداوە لەپشتی هێڵەکانەوە. بۆیەئەم توێژینەوەیە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدات کە هەرهێڵ و ڕەنگێک لە نیگاری منداڵان و نەوجەوانداندا، بەڵگەیەکی نیشانەناسی و بوونگەراییە بۆشیکاری تایپۆلۆژیای کەسایەتیان، ئەویش بە پێی شیکاری تێوریاکانی(یۆنگ، ئێریکسۆن، لووینفێڵد). یەکێک لە مەترسیدارترین گرفتەکانی سەدەی بیست و یەکەم، قەیرانی شوناسە لە قۆناغی منداڵی و نەوجەوانیدا، کە ئەگەر ناسینەوەی بۆنەکرێت بەشێوەیەکی زانستی، ئەوادەبێتە هۆی شڵەژانی کەسایەتیان لە داهاتوودا.

٢- پرسیارەکانی توێژینەوە:

پرسیارە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە:

پرسیاری یەکەم: ئایا چۆن دەتوانین لەناو فەزای وێنەیی و دابەشکردنی بارستایی سەر لاپەڕەدا، تایپۆلۆژیای "یۆنگ"ی (ناوەکیگەرا و دەرەکیگەرا) بخوێنینەوە؟

پرسیاری دووەم: لای(ئێریکسۆن) تاچەند قەیرانەکانی گەشەی شوناس(وەک دەسپێشخەری بەرامبەر گوناە) ڕەنگدەدەنەوە لە گۆڕانی هێڵ و شێوازی کێشانی ئەندامەکانی جەستە لە نیگارکێشاندا؟

پرسیاری سێیەم: قۆناغە هونەریەکانی(لووینفێڵد) لە تەمەنە جیاوازەکاندا تا چەند هاوتای گەشەی(ئیگۆ) و سەقامگیری دەروونی منداڵن؟

٣- ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی هەرەبااڵی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی تێوریاکانی (یۆنگ، ئێریکسۆن، لووینفێڵد)ە، دەربارەی شیکاری سایکۆلۆژی هونەری نیگارکێشانی منداڵان بە خوێنەری کورد، تاوەکو لەوڕێگایەوە هەریەک لە پەروەردەکاران، دەروننناسان، دایباباان و هتد . . . ئاشنابن بە بونیادنانی (نەخشەسازییەکی شیکاری) بۆ تێگەیشتن لە جیهانی ناوەوەی منداڵ، لە ڕێی نیگارکێشانەوە.

٤- گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی گرنگ و ستراتیژی هەیە، چونکە هەوڵێکی ئەکادیمی دەگمەنە بۆ تێهەڵکێشکردنی (سایکۆلۆژیا، فەلسەفە، هونەر). گرنگیەکەی لەوەدایە کە چەند مۆدێلێکی شیکاری نوێ پێشکەشدەکات بەناوەندە پەروەردەیی و کلینیکیەکان، تاوەکو ئەوانیش بتوانن وێنە وەکو(ئامرازێکی دیالۆگی بێدەنگ) بەکاربهێنن بۆ دیاریکردنی جۆری کەسایەتی منداڵان و ناسینەوەی هەنوکەیی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان. ئەم کارە دەبێتە پردێک بۆتێپەڕین لە خوێندنەوەی ڕووکەشانە بەرەو خوێندنەوەی قوواڵی فینۆمینۆلۆژی کە مرۆڤ وەک سەنتەری بەرهەمهێنانی مانا دەبینێت. ئەم کارەش لە سێ ئاستدا گرنگی هەیە:

- ئاستی تێوری: بۆیەکەمجار تێهەڵکێشکردنی تێوریا (سایکۆ-فەلسەفی)یەکان، لە چوارچێوەی نیگاری منداڵانی کورددا.

- ئاستی کلینیکی: پێشکەشکردنی ئاماژە و نیشاندەرە وێنەییەکان بەپسپۆڕانی دەروونی، تاوەکو بتوانن لە ڕێگەی وینە و نیگارەوە درک بەترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژانی شوناس بکەن لە ژێر ڕۆشنایی تێوریای دەروننناسە جیهانیەکان.

- ئاستی پەروەردەیی: ڕێنمایکردنی ناوەندە پەروەردەییەکان بۆئەوەی هونەر وەک ئامرازێکی (ستراتیژی) ببینن، نەک تەنیا وەک ئامرازێکی (تەواوکەر).

٥- ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر چەتری (فینۆمینۆلۆژیای ئەزموونی) و لەسەر بنەمای میتودی(وەسفی-شیکاری) بونیادنراوە. لێرەدا توێژەر وەک شتێکی جێگیر سەیری وێنە ناکات بە تەنیا، بەڵکو تێوریای سێ دەروننناسی جیهانی دەناسێنێت و لە ڕێی خوێندنەوەوە بەراوردیان دەکات بەدیاردەیەک کە پەیوەندیەکی زیندووی هەیە بەژینگەی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی منداڵەوە. بۆ شیکردنەوەی نموونەکان، سوودوەرگیراوە لە(نیشانەناسی ڕەنگ و فۆرم) و بەراوردکاری لە نێوان تێوریا جیاوازەکاندا، تاوەکو بگەینە ئەنجامێکی گشتگیر.

٦- سنووورەکانی توێژینەوە:

- سنووری بابەتی: ناساندنی سێ تێوریای تایبەت بە شیکاری سایکۆلۆژی وێنەی منداڵ و نەوجەوان، هەروەها کەشفی فینۆمینۆلۆژیای شوناس و تایپۆلۆژیای کەسایەتی منداڵان و نەوجەوانان لە نیگارەکانیاندا لە ڕێگای ئەو سێ تێوریایەوە.

- سنووری مرۆیی: کۆکردنەوەی بەرهەمی کۆمەڵێک منداڵ و نەوجەوان لە تەمەنە جیاوازەکانی نێوان ٢ بۆ ١٧ ساڵ، بە شێوازێکی زانستیانە، لە پێناو ڕونکردنەوەی تێوریاکان لە ڕێی وێنەوە.

- سنووری شوێنی: شاری سلێمانی و دەوروبەری وەکو ژینگەیەکی نموونەیی بۆ توێژینەوەکە. لەگەڵ چەند نیگارێکی نێو سایتە ئینتەرنێتیەکان، چونکە توێژینەوەکە زیاتر کار لەسەر ناساندنی تێوریای تێوریستەجیهانیەکان دەکات لە چۆنیەتی خوێندنەوەی نیگاری منداڵ و نەوجەواناندا، وەک لەوەی مەبەستی سەرەکی خوێندنەوەی نیگاری منداڵەکان بێت. هەرچەندە هەوڵی ئەوە هەردراوە تا ئەو شوێنەی کە پێویست بێت ئەوهاوسەنگیەش بپارێزرێت.

- سنووری کاتی: ساڵی ٢٠٢٦.

٧- چوارچێوەی چەمکی و زاراوەناسی:

بۆئەوەی لە ڕووی مەعریفیەوە توێژینەوەکە تۆکمە بێت، پێویستە ئەم چەمکانەی خوارەوە پێناسە بکرێن:

- فینۆمینۆلۆژیا: لێرەدا دیاردەناسی، یان فینۆمینۆلۆژیا بەواتای خوێندنەوەی جەوهەری ئەزموونی منداڵ دێت لە ڕێگەی نیگار و وێنەکێشانەوە، بەدوور لە حوکمی پێشوەختە.

- تایپۆلۆژیای یۆنگ: ئاماژەیە بۆ ١٦ جۆرە کەسایەتیەکە کە لەسەر بنەمای چوار کارکردی سەرەکی بونیاد نراون، ئەوانیش: (بیرکردنەوە، هەست، درکپێکردن، ئیلهام)

- شوناسی ئێریکسۆن: ئەوبونیادە دەروونیەیە کەوا مرۆڤ درک بە(خودی سەربەخۆ)ی خۆیدەکات لە ڕێگایەوە، کە لەلای (ئێریکسۆن)یش لە قۆناغە جیاوازەکاندا گەشە دەکات.

- گوزارشتی هونەری لای لووینفێڵد: ئەم گوزارشتە پرۆسێسی گواستنەوەی جیهانی ناوەوەیە بۆ سەر ڕوویەکی دوو ڕەهەندی، کە وەک پێوەرێک بەکاردێت بۆ گەشەی عەقڵی و سۆزداری.

٨- پاشخانی زانستی و مێژوویی:

بۆچی هەرسێ دەروننـاس(یۆنگ، ئێریکسۆن، لووینفێلد) بۆ ئەم تۆژینەوەیە هەڵبژێردران؟

یەکەم/ **کارڵ گۆستاف یۆنگ (Carl Gustav Jung 1875-1961):**

چونکە یۆنگ یەکەم کەس بوو کە وێنەی بەکارهێنا وەکو(ئارکیتایپ) و (نیشانەی نائاگایی). یۆنگ پێی وایە هەر هێڵێک لە نیگار و وێنەدا، ڕەگێکی هەیە لە قوواڵیی مێژووی دەروونی مرۆڤدا.

- تەلارسازیی کەسایەتی لای کارڵ گۆستاف یۆنگ: یۆنگ تەنیا وەک دەروونناسێک لە وێنەی نەدەروانی، بەڵکو وەک فەیلەسوفێکی (نیشانەکان) وورد دەبویەوە لە هێڵەکان و ڕادەما لێیان. یۆنگ پێی وابوو مرۆڤ خاوەن نائاگاییەکی بە کۆمەڵ (دەستەجمعی)ە، کە لە ڕێگەی (ئارکیتایپ)مکانەوە خۆی نیشان دەدات و بەدەردەکەوێت (یونگ، ١٤٠٤). لەم توێژینەوەدا، جەخت لە سەر ئەو وزە دەروونیە دەکرێتەوە کە خۆی لەتایپی(ناوەکیگەرا و دەرەکیگەرا)دا، نیشان دەدات. ناوەکیگەراکان وێنە وەکو(قەڵغانی پاراستن) بەکاردەهێنن، کاتێک منداڵێکی ناوەکیگەرا، فیگەرەکان لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا و بەوردەکارییەکی زۆری ناوەکیەوە دەکێشێت، ئەوە ئەو منداڵە خەریکی کێشانی نەخشەی (جیهانی ناوەوەی) خۆیەتی. لە بەرامبەردا، منداڵانی دەرەکیگەرا، وێنە وەکو(پردی پەیوەندی) دەبینن؛ لای ئەمان وێنە دەبێتە کەرەستەیەک بۆ داگیرکردنی فەزا و سپەیسی دەرەوە.

دووەم/ **ئێریک ئێریکسۆن (Erik Erikson 1902-1994):**

ئێریک ئێریکسۆن (Erikson, 1968) بە هێنانەدی دیدی دەروونی-کۆمەڵایەتی، گەشەی کەسایەتی لە دیدە کلاسیکیەکەی فرۆید جیاکردەوە؛ بەوەی شوناس تەنیا لە ناخی تاکدا بەدی ناهێنرێت، بەڵکو بەر هەمی کارلێکی بەردەوامی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگەدا. (pp. 19-22)هەروەها ئێریکسۆن یاری و دەربڕینە هونەرییەکانی منداڵ، لە وانە(وێنەکێشان) وەکو ئامرازێکی سەرەکی دەبینێت کە ڕەنگدانەوە و بەڵگەی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەن کە منداڵ لە قۆناغی گەشەکەیدا ئەزموونیان دەکات (pp. 93-134).

- دیالێکتیکی شوناس لای ئێریک ئێریکسۆن: ئێریک ئێریکسۆن گەشەی کەسایەتی و شوناسی منداڵ وەکو پرۆسەیەکی بەردەوام و گەشەسەندوو دەبینێت کە لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زنجیرەیەک چاڵێنج و قەیرانی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا فۆرمەلە دەبێت؛ لە قۆناغی (دەسپێشخەری بەرامبەر هەست بە گوناهکردن) "لە ٣ بۆ ٦ ساڵی"دا، منداڵ لە ڕێگەی یاری خەیاڵی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و چالاکی داهێنەرانەوە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئیرادە و بونیادنانی هەستی ئامانجداربوونی خۆی دەدات، کە تێیدا ئەگەر لە لایەن خێزان یان ژینگەکەیەوە تووشی ڕەخنەی زۆر و کۆنترۆڵکردنی زیاد لە پێویست، یان ئاستەنگکردنی چالاکیەکانی بێتەوە، هەست بە گوناهکردن لە ناخیدا گەشە دەکات، بەپێچەوانەوە، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ چالاکی خەیاڵ ئامێز و پەروەردەکردنی ئەرێنی و پشتیوانیکردنی دەربڕینە داهێنەرانەکانی، دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەربەخۆیی و هەستکردن بە سەرکەوتن و تێپەڕاندنی تەندروستانەی ئەو قۆناغەی گەشە (روان آموز، ١٤٠٢).

سێیەم/**فیکتۆر لووینفێلد (Viktor Lowenfeld 1903-1960):**

لووینفێلد(پردی پەیوەندییە) لە نێوان پەروەردە و دەروونناسیدا. ئەو فێری کردین وێنەی منداڵ (ڕاست و هەڵە)ی نیە، بەڵکو تەنیا (گەشە)ی هەیە.

- گەشەی ڕۆحی و گوزارشت لای فیکتۆر لووینفێلد:

لووینفێلد جەخت لەسەر لایەنی پەروەردەیی و تێۆری هونەر دەکاتەوە. پێی وایە هونەری منداڵان تەنیا چالاکیەکی بێنراو یان وێنەکێشانێکی بێئامانج نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی بنەڕەتییە بۆ گەشەی هۆشیاری و عەقڵی و دەروونی. ئەو بە تۆندی دژی سەپاندنی مۆدێل و شێواز و پێوەرەکانی گەورەساڵانە بە سەر ئەندێشەی منداڵدا؛ چونکە ڕێگریکردن لە دەربڕینی ڕەسەنی منداڵ، داهێنانی سەربەخۆ سەرکوت دەکات و دەبێتە هۆی لەناوبردنی شوناسی هونەری و جیهانبینی ئەو منداڵە (Lowenfeld & Britt, 1987, pp. 20-25). لەم توێژینەوەیەدا، قۆناغەکانی گەشەی لووینفێلد (لە هێڵەپەرتەکانەوە تا قۆناغی بڕیاردان) وەکو پێوەرێکی (فیزیکی و عەقڵی) بەکاردێن، تابزانین شوناسی دەروونی منداڵەکە لە چ ئاستێکدایە.

٩- میتۆدۆلۆژیای شیکاری نیشانەکان:

لەم توێژینەوەیەدا، ئێمە سێ تێۆریامان لە بەرچاو گرتووە، دواتر لە پێناو ناساندن و شیکاری تێۆریاکان، وێنە و نیگاری منداڵ و نەوجەوانمان وەکو(کۆمەڵێک نیشانە) خستۆتە ڕوو تا لەژێر ڕۆشنایی ئەو سێ تێۆریایەدا بەراوورد و خوێندنەوەیان بۆبکەین. کە شیکردنەوەکەش لەسەر سێ ئاستی سەرەکی بونیاد دەنرێت:

- ئاستی گرافیکی (هێڵ و فشار): هێزی دەست لە کاتی کێشانی هێڵەکاندا، نیشاندەری ئاستی متمانەبەخۆبوون یان دڵەڕاوکێیە.

- ئاستی سپەیس: دابەشکردنی توخمەکان لە سەر کاغەزەکە، گوزارشتە لە شێوازی پەیوەندی منداڵ لە گەڵ ژینگەکەیدا (ناوەکیگەرا یان دەرەکیگەرا).

- ئاستی سیمبولیکی (ڕەنگ و فیگەر): ڕەنگەکان وەک زمانی سۆز و فیگەرەکانیش وەکو نوێنەری (خود) و (ئەوانی تر) شیکار دەکرێن.

چوارچێوەی تێۆری تۆژینەوەکە

تەوەری یەکەم (کارڵ گۆستاف یۆنگ)

(Carl Gustav Jung 1875-1961):

١. بنەماکانی تایپۆلۆژیای کەسایەتی لای (کارڵ گۆستاف یۆنگ)

١.١. یۆنگ و ئارکیتایپەکان:

- وێنەکێشان بۆ منداڵ هەرچالاکیەکی کات بەسەربردن نیە، بەڵکو وەکو ئامرازێکی پەروەردەیش کار دەکات و دەرفەتی بەرفراوان بە منداڵ دەبەخشێت بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری و تێگەیشتن لە گەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا (ئەم کردەیە هەرچالاکیەکی جوڵەیی و فیزیکی نیە بە تەنیا، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ دەربڕینی پاڵنەرە نەستیەکانی منداڵ و ترس و ئارەزووە شاراوەکانی. منداڵ لە ڕێگەی فۆرم و ڕەنگەوە، جۆرێک لە هاوسەنگی دەروونی دروست دەکات و خۆی لە گرژیە ناوەکیەکان ڕزگار دەکات و دەپارێزێت) (ذات لوینه و خالصی، ١٣٩٦: ٧٨-٨٥).


- کارڵ گۆستاف یۆنگ، دامەزرێنەری دەروونناسی شیکاری، پێی وایە کەسایەتی مرۆڤ کۆمەڵێک کارکردی دەروونیە، کە ئەم کارکردە دەرونیانە شێوازی ڕەفتار و درکپێکردنی ئێمە دیاریدەکەن لە هەمبەر جیهان. یۆنگ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تایپە دەروونیەکان-Psychological Types) باس لەوە دەکات کە جیاوازی نێوان مرۆڤەکان بە ڕێکەوت نیە، بەڵکو ئەنجامی ئەو ئاراستە جیاوازانەیە کە وزەی دەروونی تێدەپەڕێت پێیدا (یونگ، ١٤٠٤).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

١.١.١. سەرچاوەی وزەی دەروونی؛ (ناوەکیگەرا و دەرەکیگەرا):

- یۆنگ مرۆڤەکان دەکات بەدوو دەستەی سەرەکیەوە، ئەو دوو دەستەیەش لە سەربنەمای ئەوەیە کە ووزە لە چ سەچاوەیەکەوە وەردەگرن:

یەکەم/ ناوەکیگەرا (Introversion): ناوەکیگەراکان ئەو کەسانەن کە وزە لە ناوەوە و دەروونی خۆیانەوە وەردەگرن. ئەمانە جیهانی ناوەوەی خۆیان و (بیرۆکە و هەستەکان)ی ناخی خۆیانیان بە لاوە گرنگترە لە جیهانی دەرەوە. وێنە و نیگاری ئەم تایپە لە منداڵ، خۆی دەبینێتەوە لە کێشانی فۆرمی بچووک و جەختکردنەوە لە سەر وردەکاریە ناوەکیەکان، وەک لە وێنەی وێنەی ژمارە (١) دا دیارە. بە شێوەیەکی گشتی سپەیسی زۆر بە جێدەهێڵن و فیگەری مرۆڤەکانیان زیاتر بە تەنیایی دەکێشن (دادستان، ١٤٠٣). بۆیە "هونەر وەک ئامرازێک کاردەکات بۆ دەرخستنی ئەو هەست و هەڵچوونانەی کەوا زمان ناتوانێت دەربانببڕێت و لە ناو نائاگایی منداڵدا شاراوەتەوە. بەهۆی ڕەخساندنی کەشێکی ئازاد بۆ دەربڕینی سۆز و ئارەزووەکانیان، شێوازە هونەریەکان دەبنە هۆی بەتاڵکردنەوەی هەڵچون و دروستبوونی هەستی ئارامی و گونجاندن لە لای منداڵ" (آرون روبین، ١٣٩٦).



وێنەی ژمارە (١)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی ناوەکیگەرا.

دووەم/ دەرەکیگەرا (Extroversion): ئەمانە وزە لە دەرەوەی خۆیان و شتەکان و کەسانی ترەوە وەردەگرن. منداڵی دەرەکیگەرا فەزایەکی گەورە داگیر دەکات بە وێنە و فۆرمی ئاڵ و واڵا و ڕەنگی گەش بەکاردەهێنێت لە سەر ڕووبەری وێنەکێشان، ئەمەیش وەکو ئاماژەیەکە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی (دادستان، ١٤٠٣). وێنەی ژمارە (٢). دواجار(نیگارکێشان چالاکیەکی بینەیی نیە بە تەنیا، بە تایبەت بۆ تایپی دەرەکیگەراکان، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ گەشەپێدانی تێگەیشتن لە ووروژانی هەست و ڕەفتار و بە هێزکردنی توانای گفتوگۆ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. هەروەها منداڵ دەتوانێت لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە، پەیوەندییە دەرونی و زارەکیەکانی لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا زیاد بکات) (خدادادی ١٣٩٧: ٩٠، ٩٦).



وێنەی ژمارە (٢)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی دەرەکیگەرا.

توانای منداڵ لە تەمەنی ٣ ساڵیەوە دەردەکەوێت بۆ ناسینەوە و گوزارشتکردن لە هەستەکانی لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە. هەروەها لە تەمەنی ٤ بۆ ٥ ساڵیش دا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەدەکات. ئەمەش ئەوەنیشان دەدات کە ڕەنگ لە لای منداڵ زمانێکی بنەڕەتیە بۆ ناساندنی جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی(فرشید نیک، ١٣٩٨: ١٦٥).

١.١.٢. درککردن و وەرگرتنی زانیاری؛ (هەستگەرا و ئیلهامگەرا):

یۆنگ باس لەوە دەکات کە مرۆڤەکان زانیاری بەدوو شێوازی جیاواز لە دەوروبەریانەوە وەردەگرن:

یەکەم/ هەستگەرا(Sensing): هەستگەراکان ئەومندالانەن کە بۆوەرگرتنی زانیاری پشت بە پێنج دەستگا هەستەوەرەکە دەبەستن و هەر واقیعە بەرجەستەکان دەبینن بە تەنیا. وێنەی ئەم تایپە لە منداڵ، خۆی لە وردەکاری زۆر و ڕیالیستیانە (وەک دوگمەی قەمیس، گەڵای دار، پەنجەی دەست)دا دەبینێتەوە، چونکە ئەمانە (ئێستا) و (واقیع)یان بەلاوە گرنگە (بیگلربیگی، ١٣٩٢). وێنەکانی ژمارە (٣) ئاماژەیە بۆ ئەم تایپە لە منداڵ.

وێنەکێشان بۆ منداڵان بە گشتی و بۆ تایپی هەستگەرا بە تایبەتی، تەنیا چالاکییەکی بینایی نیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکان و بەتاڵکردنەوەی هەڵچونەکان (Lowenfeld & Brittain, 1987, p. 45)، کە ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ کەمکردنەوەی شەرەنگێزی و بەدەستهێنانی ئارامی دەروونی لە منداڵاندا (بروجردی و همکاران، ١٣٩٩).





وێنەکانی ژمارە (٣)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی هەستگەرا.

دووەم/ ئیلهامگەرا (Intuition): ئەم منداڵانە خەریکی گەڕانن لە پشتەوەی پەردەی شتەکانەوە و متمانەیان بە خەیاڵ و ئەگەرەکانە. وێنە و نیگاری ئەم تایپە لە منداڵ، بە تایبەتمەندی کێشانی وێنە و شتی نائاسایی و نادیار (وەک مانگی شین یان دەریای سوور) دەناسرێنەوە (بڕوانە: وێنەی ژمارە ٤). فەزای وێنەکانی ئەم چەشنە

لە منداڵ سنووری نیە و گرنگی بە وردەکاری نادەن. لە توێژینەوەیەکدا دەربارەی بەرجەستەبوونی وێنەی بەهەشت و دۆزەخ لە نیگارکێشانی منداڵاندا، واحد دهکردی و هاوکارانی (١٣٩٣)، ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵان لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە پرسیار و خولیا قوولّە ئاینی و فەلسەفیەکانی خۆیان دەردەبڕن. بەکارهێنانی ڕەنگ و هێما جیاوازەکان بەرامبەر بە چەمکە نەبینراوەکان، نیشانەی ئەوەیە کە وێنەی منداڵ تەنیا ڕەنگدانەوەی بینینی واقیعیانە نیە، بەڵکو گوزارشتە لە دیدگا و تێڕوانینە زهنیەکانیان بۆ مانا قوولّەکانی بوون. ئەم هێما و ڕەنگانە دەبنە ئامرازێک بۆ درککردنی جیهانی ناوەوەی منداڵ کە دەستەوسانن لە دەربڕینی زارەکیدا (واحد دهکردی و ئەوانی تر، ١٣٩٣، ل. ٨٣-٨٥).




وێنەکانی ژمارە (٤)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی ئیلهامگەرا.

ڕەنگەکان و هێماکان لە جیهانی وێنەکێشانی منداڵدا بەپێی بارودۆخی دەروونی دەگۆڕێن؛ بۆنموونە بەکارهێنانی هێڵە نەرم و ڕەنگە گەشەکان ئاماژەن بۆئارامی و بەهەشتی ناوەوە، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ڕەنگی تۆخ و هێڵی تیژ و تێکچوونی فۆرم، گوزارشت دەکەن لە پشێوی و دڵەراوکێی شوناس (هەمان سەرچاوە).

١.١.٣. پێوەرەکانی بڕیاردان؛ (لۆژیکگەرا و سۆزگەرا):

ئەم ڕەهەندە ئەوە دیاریدەکات کە منداڵەکە چۆن هەڵسەنگاندن بۆ زانیاریەکان دەکات و چۆن بڕیاریان لەسەر دەدات:

یەکەم/ لۆژیکگەرا (Thinking): تایپی لۆژیکگەرا بەپێی مۆدێلی تایپناسی کارل یونگ، بەو جۆرە کەسایەتیانە دەوترێت کە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بڕیاردانیان لە سەر بنەمای لۆژیک و عەقڵانیەت و بنەما چەسپاوە هۆشیارەکان دادەمەزرێنن (شارپ، ١٤٠١، ل. ٤٥). لەبەر ئەوەی ئەم منداڵانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکاندا زیاتر لەژێر کاریگەری ئەرکە عەقڵییەکاندان لە بری هەست و سۆزی دەستبەجێ و پرۆسەی دەربڕینی بینراویان جیاوازە. وێنەکێشان بۆ ئەوان لە پرۆسەی خولقاندنی هونەریدا، چالاکییەکی پێکهاتەیی و مەعریفیە؛ چالاکییەک کە لە ڕێگەی بەشدارپێکردنی پرۆسە هۆشیاری و ناسینیەکان، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بیرکردنەوەی شیکاری و گەشەپێدانی توانای چارەسەرکردنی کێشە تێیاندا (هەمان سەرچاوە).

وێنەی ئەم تایپە لە منداڵ، لە (بەئەندازیار بوون)دا دەردەکەوێت؛ بەکارهێنانی هێڵکاری ڕێک و گۆشەی تیژ و پاراستنی هاوسەنگیەکی توند لە نێوان ڕاست و چەپی وێنەکانیاندا، نیشانەی یاساپەروەری و شوناسێکی ڕێکخراوە. وێنەکانی ژمارە (٥).




وێنەکانی ژمارە (٥)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی لۆژیکگەرا.

دووەم/ سۆزگەرا (Feeling): تایپی سۆزگەرا بەپێی مۆدێلی تایپناسی یونگ، بەو جۆرە کەسایەتیانە دەوترێت کە بڕیاردان و هەڵسەنگاندنەکانیان لەسەر بنەمای هەست و سۆز و پەیوەندی و بەها مرۆییەکان دادەمەزرێنن (یونگ، ١٤٠٤، ل ٥٢).

ئەم منداڵانە لە چالاکی وێنەکێشاندا وەکو شاعیر دەردەکەون؛ نیگارەکانیان زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر کێشانی وێنەی مرۆڤ (وەک خێزان و هاوڕێیان) و بەکارهێنانی ڕەنگی کاریگەر و گەرم. هەروەها دەموچاوی ناو وێنەکانیان دەربڕینی هەستیاری و سۆزداری زۆریان پێوە دیارە، چونکە شوناسی ئەم منداڵانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە، وەک لە وێنەی ژمارە (٦) دا دیارە.

لە چوارچێوەی پەروەردەکردنی داهێنان و بەهێزکردنی توانای دەربڕین لە ڕێگەی هونەرەوە، وێنەکێشانی داهێنەرانە دەرفەتێک بۆ منداڵ دەڕەخسێنێت تا هاوسەنگیەکی دەروونی لە نێوان جیهانی ناوەوە (تەقینەوەی هەست و خەیاڵ) و جیهانی دەرەوەیدا دروست بکات (رقیبی و خانمحمدزاده، ١٣٩٨، ل ٥). ئەم پرۆسەیە بە تایبەتی لەو منداڵانەدا گرنگیەکی جەوهەری هەیە کە لایەنی سۆزداری و هەستیاریان بەرز و بەهێزە؛ بۆ ئەم منداڵانە، وێنەکێشان دەبێتە زمانێکی سەرەکی و هاوکارێکی کارا بۆ گوزارشتکردن لەو هەڵچون و سۆزانەی کە ناتوانن بە ئاسانی لە ڕێگەی وشەکانەوە دەریا ببڕن. لە ئەنجامدا، ئەم ڕێگەخۆشکردنە بۆ دەربڕینی ڕوانگە و هەستە دەروونیەکان، یارمەتیدەرێکی ڕاستەوخۆ دەبێت بۆ سەقامگیری و گەشەی هۆشیاری و جێگیربوونی شوناسی دەروونی تێیاندا (رقیبی و خانمحمدزاده، ١٣٩٨).



وێنەی ژمارە (٦)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی سۆزگەرا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

١.١.٤. شێوازی ڕێکخستنی ژیان؛ (پلانگەڕا و نیانگەڕا):
ئەم بەشە باسلەوە دەکات کە منداڵ چۆن مامەڵە لەگەڵ (کات، جیهانی دەرەوە، کارەکانی)دا دەکات:
یەکەم/ پلانگەڕا (Judging): لە مۆدێلی تایپناسی کەسایەتی منداڵاندا(MBTI) ، منداڵانی تایپی پلانگەڕا بەوە دەناسرێنەوە کە حەزێکی بەهێزیان بۆ تەواوکردن و پلەبەندی و ڕێکخستنەوەی کارەکانیان هەیە (صیمری، ١٤٠١، ل. ٦٢). ئەم خەسڵەتە دەروونیە لە چالاکی وێنەکێشانیاندا بە ڕوونی ڕەنگ دەداتەوە؛ ئەم منداڵانە پابەندبوونێکی تۆندیان بە یاسا و ڕێسا واقیعیەکان و چوارچێوە دیاریکراوەکانەوە هەیە. لە ئەنجامدا، ڕەنگەکان بە وریایی و ترس و وردەکارییەکی زۆرەوە بەکاردەهێنن تاوەکو هەموو شتێک ڕێک و ڕێکخراو و بێ هەڵە بێت، کە ئەمەش نیشاندەری شوناسێکی پارێزەر و بەئاگا و کۆنترۆڵکراوە لە وێنەکانیاندا (صیمری، ١٤٠١)، وەک لە وێنەکانی ژمارە (٧) دیارە.
فێربوونی هونەر و وێنەکێشان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە بونیادنان و ڕێکخستنی ڕەفتاری منداڵدا؛ بە شێوەیەک کە لە ڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕینی هەست و دەردانی هەڵچونە نەرێنیەکانی. هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی توڕەیی و باشترکردنی توانای بەڕێوەبردنی هەڵچونی تاکەکەسی تێیاندا. لەم سۆنگەیەوە، بەکارهێنانی ڕاهێنانی وێنەکێشان نەک تەنیا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بەڵکو یارمەتی منداڵ دەدات وەڵامدانەوە ڕەفتارییە ناسازگارەکانی کەم بکاتەوە و ڕەفتارێکی کۆنترۆڵکراو و ڕێکخراوتر لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بنوێنێت (بروجردی و هەمکاران، ١٣٩٩: ٥). کەئەمە هاوکار و یارمەتی دەرێکی بەهێزە بۆمنداڵان، بەتایبەت منداڵانی پلانگەڕا.



وێنەکانی ژمارە (٧)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی پلانگەڕا.

دووەم/ نیانگەڕا (Perceiving): بە هەمانشێوە لە مۆدێلی تایپناسی کەسایەتی منداڵدا(MBTI) ، منداڵانی تایپی نیانگەڕا بەوە دەناسرێنەوە کە حەزیان لە تاقیکردنەوەی ئەگەرە نوێیەکان و ئازادی تەواوەتیە لە چالاکیەکانیاندا (صیمری، ١٤٠١، ل. ٧٥). ئەم خەسڵەتە لە چالاکی وێنەکێشانیاندا بە ڕوونی ڕەنگدەداتەوە؛ وێنەی ئەم جۆرە منداڵانە ناڕێکخراو و بەدەر لە یاسا و ڕێسا واقیعیەکانن. ڕەنگی زۆر بەکاردەهێنن و تێکەڵی دەکەن، چونکە لە ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی نوێ ناترسن. ئەوان حەزیان بە سروشتیبوون و خۆڕسکبوونە، نەک چوارچێوەی وشکی لە قاڵبدراو. ئەم تایپە لە منداڵ جیهان وەک پرۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕانکاری دەبینن (صیمری، ١٤٠١). وێنەی ژمارە (٨).
منداڵان مەیلیان بەوە هەیە کە بیرۆکە و هەستەکانی خۆیان لە ڕێگەی چالاکی وێنەکێشانەوە دەربڕن. لەم پرۆسەیەدا، ئەوان لە بری ئەوەی بە تەواوی پابەندی جیهانی واقیعی بن، هێڵ و ڕەنگ و شێوەکان بە شێوازێکی داهێنەرانە و نوێگەرانە بە کاردەهێنن بۆ گواستنەوەی چەمک و بیرۆکەکانیان. ئەم دەستکاریکردن و بەکارهێنانە سەربەستەی واقیع لەسەر بنەمای زەینی منداڵەکە، ئاماژە و نیشانەیەکی ڕوونە بۆ بوونی جۆرێک لە نەرموونیانی زەینی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە کاتی کردەی وێنەکێشاندا (فرشیدنیک، ١٣٩٨ :١٢).



وێنەی ژمارە (٨)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵێکی نیانگەڕا.


تەوەری دووەم (ئێریک ئێریکسۆن) (Erik Erikson 1902-1994):
٢- گەشەی شوناس لای (ئێریک ئێریکسۆن) و ڕەنگدانەوەی لە نیگارکێشانی منداڵدا
٢.١. ئێریکسۆن و گەشەی شوناس:
"لە پرۆسەی گەشەی شوناسدا، چالاکی دروستکەرانەی وەک وێنەکێشان فۆرمێکە لە مۆدێلسازی ڕەمزی. ئەم چالاکیە دەرفەت بە منداڵ دەدات جیهانی دەرەکی دەستکاری بکات، داتاکانی حەقیقەت لە یەکتر جیابکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی مایکرۆکۆسمیدا دایانبڕێژێتەوە. لە ڕێگەی ئەم وەگەڕخستنە هێماییەوە، منداڵ هەستی کارامەیی و متمانە بە خۆبوون لە خۆیدا دەچەسپێنێت و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا گەشە پێدەدات؛ بەمەش وێنەکێشان دەبێتە ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ خاوکردنەوەی ئاڵۆزیە دەرونیەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکانی گەشە" (Erikson, 1968, pp. 122–125).
ئێریک ئێریکسۆن پێی وایە شوناس پرۆسەیەکی دینامیکیە و گەشەکردنی لە ڕێگەی هەشت قۆناغی دەروونی-کۆمەڵایەتیەوە خۆی نیشان دەدات؛ هەر قۆناغێکیش قەیرانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەگەر بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنرێت، هێزێکی دەروونی دەبەخشێت بە منداڵەکە. ئەم قەیران و شوناسانە لە چالاکیە هێماییەکانی منداڵدا بە شێوەیەکی سیمبولیک دەردەکەون (اریکسون، ١٣٩٦: ٥٥-٨٠).
٢.١.١. قۆناغی دەسپێشخەری بەرامبەر هەستکردن بەگوناە:
دەرکەوتنی ئەم قەیرانە لە تەمەنی (٣ بۆ ٦ ساڵی) دایە. لەم قۆناغەدا منداڵ دەیەوێت جیهان تاقی بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا دەبن بەدوو بەشەوە:
یەکەم/ منداڵی دەسپێشخەر: ئەومنداڵانەی دەستپێشخەرن وێنەکانیان پڕیەتی لە تاقیکردنەوەی ڕەنگی و جوڵە و چیرۆک، نیگاری ئەم تایپە لە منداڵ، بە منداڵانی دەستپێشخەر دەناسرێن و نزیکن لە تایپی دەرەکیگەڕا. وێنەکانی ژمارە (٩).




وێنەکانی ژمارە (٩)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵی دەستپێشخەر.

"لە قۆناغی تەمەنی (٣ بۆ ٥-٦ ساڵی)دا، کە لە تیۆریای دەروونی-کۆمەڵایەتی ئێریکسۆندا بە قۆناغی 'دەستپێشخەری بەرامبەر هەستکردن بە تاوان دەناسرێت، وێنەکێشان وەک زمانێکی ڕەمزی سەرەکی خزمەت بە دەربڕینی هەست و بیرۆکەکانی منداڵ دەکات. لەم قۆناغەدا، منداڵانی دەستپێشخەر لە بری پابەندبوونی ووشک بە جیهانی واقیعییەوە، ڕەنگ و هێڵەکان بە شێوازێکی نوێگەرانە و ئازادانە بۆ گواستنەوەی خەیاڵەکانیان وەگەڕدەخەن. ئەم جۆرە لە وێنەکێشان، کە تێیدا منداڵ بەپێی زەینی خۆی دەستکاری واقیع دەکات، ئاماژەیەکی بەرچاوە بۆ نەرموونیانی زەینی و بوێری تاقیکردنەوەی جیهانی دەرەوە، کە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا وەک خەسڵەتێکی جەوهەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە پۆلێنکراوە لە وێنەی منداڵاندا" (فرشیدنیک، ١٣٩٨: ١٥٥-١٦٠). وەک (نەعیمە حەکیم) ئاماژەی پێدەدات، بۆ منداڵ وێنەکێشانی خۆڕسکانە وەکو "ڤاکسینێکی دەروونی"وایە، کە بەئازادی ڕێگەی پێدەدات گوزارشت بکات لە جیهانی ناوەوەی خۆی. بەکارهێنانی هێڵی پان و پڕ و بەهێز لە وێنە و نیگاری منداڵانی دەستپێشخەردا، ئاماژە و هێمای متمانە بە خۆبوون و ئارەزووی فراوانخوازی و دەستپێشخەرییە لە جیهانی دەرەوەدا، کە تێیدا منداڵ بێ ترس سپەیسی لاپەڕەکە بەکاردەهێنێت (فراری، ١٣٩٨).

دووەم/ منداڵی هەست بەگوناهکەر: ئەومنداڵانەی کەوا هەست بە(گوناه)کردنیان تێدایە، نیگارەکانیان بچووک و کەمڕەنگە و زۆرجاریش بەترسەوە هێڵ دەکێشن، کە نیشانەی ئەوەیە ترسیان هەیە لە سەربەخۆیی (نظری و تیلاب، ١٣٩٧: ٤١). وێنەی ژمارە (١٠).



وێنەی ژمارە (١٠)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵی هەست بەگوناهکەر.


هێڵەکان ڕەنگدانەوەی دنیای دەروونی و هەستی منداڵن. ئەومنداڵانەی کە ترس و هەست بە گوناهکردنیان تێدایە، زۆرجار وێنەکانیان بەهێڵی لەرزیو و کورت و پچڕپچڕ دەکێشن، یان لە گۆشەیەکی بچوکی لاپەڕەکەدا وێنەکانیان بە بچووکی کۆدەبنەوە، کە ئەمەش نیشانەی نەبوونی متمانە و دڵەراوکێ و هەستکردنە بە سنووردارکردنی ئازادیەکانیان لە لایەن دەوروبەرەوە (کرمن، ١٤٠٣: ٥٤-٦٦).

٢.١.٢. قۆناغی کارایی بەرامبەر هەستکردن بەکەمی:

لە تەمەنی قوتابخانەدا (٦ بۆ ١٢ ساڵی) ئەم قەیرانە ڕوودەدات و بەدەر دەکەوێت. منداڵ لەم قۆناغە زەمەنیەدا دەیەوێت لێهاتووی خۆی بسەلمێنێت، کە ئەویش دەبن بەدوو جۆرەوە:

یەکەم/ منداڵی (ئەکتیڤ): ئەمجۆرە لە منداڵ بایەخێکی زۆر دەدەن بە(تەکنیک و ڕێکخستن) وەک ئەوەی لە جۆری پلانگەرادا بینیمان. وێنەکانیان پڕن لە وردەکاری ڕاستەقینە و دەیانەوێت ئەوەنیشان بدەن کە دەتوانن شتەکان وەکو خۆی بکێشن. وێنەکانی ژمارە (١١).

وەک ئەوەی کەوا هاتووە لە سەرچاوە زانستیە دەروننناسی و پەروەردەییەکاندا، منداڵ لە قۆناغی تەمەنی قوتابخانە(٦ بۆ ١٢ ساڵی) هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەرکەکان و بەرهەمهێنانەوە لێهاتوویەکانی خۆی نیشان بدات و وەدەریان بخات. لەم قۆناغەدا منداڵانی ئەکتیڤ نیگارکێشان وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ "سەلماندنی توانای خۆیان"؛ ئەمانە بایەخێکی زۆردەدەن بە وردەکاری زۆر و ڕێکی هێڵەکان و ڕەنگکردنی ناو سنوورەکان، چونکە دەیانەوێت ئەوەنیشان بدەن کە دەتوانن لاسایی واقیع بکەنەوە بە سەرکەوتوویی و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن بە تەواوی. ئەم مەیلی ڕێکوپێکیە، نیشانەی گەشەی ڕەهەندی کارایی و متمانەبەخۆبوونە لە ئەنجامدانی کاردا (روانشو، ١٤٠٣).





وێنەکانی ژمارە (١١)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵی ئەکتیڤ.

دووەم/ منداڵی (پاسیڤ): بە پێچەوانەوە، ئەومنداڵانەی کە هەست بە کەمیکردنیان تێدایە، وێنەکانیان تەواو نەکراون یاخود زوو دەستبەرداری دەبن، چونکە متمانەیان نیە بە لێهاتوویی خۆیان. وەک لە وێنەی ژمارە (١٢)دا دیارە. نیشانەکانی وەسواسی و دڵەراوکێ بە شێوەی " وەستان و ئەبڵەقبونی زۆر و هێواشی لە وێنەکێشان و سڕینەوەی بەردەوام لە نیگارەکانیاندا بەدەردەکەون.

منداڵانی پاسیڤدا کە دووچاری گۆشەگیری و دڵەراوکێ هاتوون، وێنەکانیان زۆرجار گوزارشت دەکەن لە"خەمۆکی و شڵەژان" ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە هێڵەکان بەشێوازێکی پچڕپچڕ و نارێک بکێشێت یان توانای تەواوکردنی وێنەکەی نەبێت. هەروەها کێشانی وێنەکان بە قەبارەی زۆر بچووک بە هەمانشێوە، نیشانەی ئەوەیە ئەومنداڵە هەستکردن بەکەمی لە تواناکانیدا تێیدا زاڵە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تێکچووە (دادستان، ١٤٠٣).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]



وێنەی ژمارە (١٢)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵی پاسیف.

٢.١.٣. قۆناغی شوناس بەرامبەر شێواوی شوناس:

ئەم قۆناغە قۆناغی زێڕینی "نەوجەوانان"ە. لێرەدا پرسیاری (من کێم؟) دەبێتە چەقی هەموو شتێک. ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم/ شوناسی جێگیر: وێنە دەبێتە ئاوێنەی شوناس لە نەوجەوانادا. ئەو نەوجەوانانەی کەوا شوناسێکی جێگیریان هەیە، لە وێنەکانیاندا جەخت دەکەنەوە لەسەر(شوناسی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی)، بۆ نموونە (خۆی وەکو پزیشک یان هونەرمەند دەکێشێت). وێنەی ژمارە (١٣).

هەروەک (ذات لوینە) ئاماژەی پێدەدات، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان بۆ گەشەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی پێگەی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا نیگارکێشانە. ئەو کەسانەی کە خاوەن شوناسێکی جێگیرن لە قۆناغی نەوجەوانیدا، وێنە بەکاردەهێنن وەکو ئامرازێک بۆنیشاندانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ئایندەییەکانیان؛ چونکە پەروەردەی هونەری دەبێتە هۆی متمانە بە خۆبوون و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆگونجاندن. ئەمە وادەکات نەوجەوان شوناسی پیشەیی خۆی وەکو (هونەرمەند یاخود پزیشک) لە ڕێگەی وێنەوە تاقیبکاتەوە (عمرانیپور و محمد مرادی، ١٣٩٠: ٤٦-٤٧).



وێنەی ژمارە (١٣)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵی شوناس جێگیر.

دووەم/ شوناسی نا جێگیر: شێواوی یاخود ناجێگیری شوناس لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگی تاریک و شێواندنی فۆرمی مرۆیی و نادیاربوونی ڕەگەز لە وێنەکاندا بەدەردەکەوێت وێنەی ژمارە (١٤). لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە کارامەیی کۆمەڵایەتیدا هاتووە کەوا هەرجۆرە شڵەژانێکی دەروونی و گۆشەگیری لە منداڵدا ئەگەر بونی هەبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەنگدەداتەوە لە وێنەکانیدا. ئەو نەوجەوانانەی کەوا بەهۆی ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە تووشی دابڕان یان شڵەژان بوون و خاوەن شوناسی ناجێگیرن، وێنەکانیان خۆی لە شێوازی فۆرمی تێکچوو یان بەکارهێنانی ڕەنگی تاریکدا بەدەردەخات، ئەمەش نیشانەی نادیاربوونی ئایندە و نەبوونی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانە لە لایان (ذات لوینە و خالصی، ١٣٩٦: ٧٨-٨٥).



وێنەی ژمارە (١٤)، نمونەیەک لە نیگاری منداڵی شوناس ناجێگیر.

٢.٢. شیکاری زانستی بۆنیشانە دەروونیەکان

٢.٢.١. وێنەی تەواو نەکراو، نائاشنا، بچوک و کاڵکێشراو:

لە نێوان بارودۆخی دەروونی منداڵ و تایبەتمەندیە فۆرمیەکانی نیگارەکانیدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ بونی هەیە؛ بۆ نموونە بەکارهێنانی ڕەنگە ساردەکان یان تاریکەکان، هەروەها نارێکی لە کێشانی هێڵەکان، یاخود لە نیگارەکاندا سڕینەوەی هەندێک ئەندامی جەستە، وەک نیشانەیەک لێک دەدرێتەوە کە پەیوەستە بە هەبوونی گرفت لە پەیوەندی یان دڵەڕاوکێی شوناسدا (صفاری، م. ١۴٠٠).

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕەهەندە دەروونیانەی لە وێنەی منداڵاندا بەدەردەکەون، دەتوانرێت پشت ببەسترێت بە توێژینەوەی سەید ئەسماعیلی و شێخولئیسلامی (١٣٩٢). بە پێی ئەم سەرچاوەیە، وێنەی مرۆڤ (آدمک) هەرنیشانەی گەشەی عەقڵی نیە بە تەنیا، بەڵکو پێوەرێکیشە بۆناسینی گەشەی مەعریفی و عاتیفی و کۆمەڵایەتی. لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین وەکو بەڵگەی زانستی بۆ شیکردنەوەی وێنەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە بەکاربهێنین:

یەکەم/ دەرکەوتنی دڵەڕاوکێ: وەک لە وێنەی ژمارە(١٤)دا دەبینرێت، کێشانی نیگارێک بە قەبارەیەکی بچووک، یان کێشانی وێنەیەکی نەناسراو و نائاشنا، یاخود بەکارهێنانی هێڵی زۆر کاڵ و پچڕپچڕ، هەموو ئەوانە نیشانەی ناسەقامگیرین لە متمانەبەخۆبوون و هێمایە بۆ هەبوونی دڵەڕاوکێ لەلای منداڵ (سیداسماعیلی و شیخالاسلامی، ١٣٩٢: ١١).

دووەم/ نیشانەکانی خەمۆکی و شێواوی شوناس: زۆر بە سادەیی وێنەکردن و پشتگوێخستنی بەشە سەرەکیەکانی جەستە (وەک دەم یان پەنجەکان)لە وێنەی منداڵدا، ئاماژەن بۆ هەست بەبێدەسەڵاتی کردن و هەبونی گرفتە لە گوزارشتکردن لە"خود" لە ناو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا (هەمان سەرچاوە: ١٢). ئەمەش ڕێک هاوتایە لەگەڵ قەیرانی (شێواوی شوناس) کە ئێریکسۆن باسی لێوەدەکات.

سەرجەم ئەندامەکانی جەستە، لە وێنەی منداڵاندا ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ئەوانن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. لەم چوارچێوەیەدا، نەکێشانی "دەم" لە وێنەکردنی مرۆڤدا ئاماژەیە بۆ بوونی نەبێنیەک یان شتێک کە منداڵەکە دەیشارێتەوە و نایەوێت ئاشکرا ببێت، یان ئاماژەیە بۆ هەبوونی کێشە لە پەیوەندی گوفتاری منداڵەکە لەگەڵ دەوروبەریدا. هەروەها کێشانی "دەست" بە شێوازێکی زۆر گەورە لەگەڵ بەشەکانی تری جەستەدا نیشانەی شەرانگێزی یان هەوڵدانە بۆ سەپاندنی دەسەڵات، لە کاتێکدا خۆبواردن لە دروستکردنی دەست

و نەکێشانی، ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە بێدەسەڵاتی و نە بوونی ئاسایش و کەمی متمانە بەخۆبوونە لەلای ئەو منداڵە (نورولند، ١٤٠٢). تەنانەت لە ناو نیگاری منداڵدا توخمەکانی سروشت وەکو هێمای دەروونی کاردەکەن؛ بۆ نموونە کێشانی "باران و هەور" زۆرجار ئاماژەیە بۆ کێشە لەناو خێزان، یان ئاماژەیە بۆ هەبوونی دڵەراوکێ و فشار لەسەر ئەومنداڵە.

٢.٣. سیمبول و وینە

٢.٣.١. سیمبولی درەخت لە نیگاری منداڵ دا:

تاقیکردنەوەی درەخت بە تەنیا بە کارنایەت بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی، بەڵکو لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی دیکەدا، وێنەیەکی گشتگیر و دەقیق دەخاتەڕوو لەسەر دۆخی زیهنی منداڵ، کە ڕەنگە بە ڕوونی دەرنەکەوون لە ڕەفتارەکانیدا. بەڵام ڕەگەزی درەخت مانیفێستێکی تایبەتی هەیە و وەکو نیشاندەرێکی قوڵی باری دەروونی بەکاردێت، لەوانە:

یەکەم/ چڵی شکاو و حەفری ناو درەخت: هەبوونی کونی ناو قەدی درەخت و حەفرە تێیدا، یان لقی شکاو و داڕنراو لە ناو نیگاری منداڵدا ئاماژەیەکی کلینیکیە بۆ هەبوونی برینێکی دەروونی، یان ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی کەسێکی نزیکی.

دووەم/ درەختی بێ ڕەگ: تۆڕێنەوەکان دەریانخستووە کێشانی درەختی بێ ڕەگ لە وێنەی منداڵدا، یان وێنەی درەختێک کە قەدەکەی بریندارە و نۆکەکەی تیژە، دەکرێت نیشانەیەک بێت بۆ ئەزموونکردنی تووندوتیژی یان ئازارێکی جەستەیی و دەروونی کە لە ڕابردوودا بەسەر ئەو منداڵەدا هاتووە (برتری شو، ١٤٠٢).

سێیەم/ درەخت بەڕەگی بەهێز: هەبونی ڕەگ ئاماژەیە بۆ پەیوەندی منداڵ بە خێزانەکەی، یان بەڕابردووەوە، بەڵام کێشانی درەخت بە ڕەگێکی قووڵەوە هێمایە بۆ سەقامگیری.

چوارەم/ قەد: نیشانەی هێزی ئێگۆ و دامەزراویە.

پێنجەم/ تاجی درەخت: پەیوەندیدارە بە خەیاڵ و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

شەشەم/ درەختی بێ گەڵا و بێ لق: نیشانەی بێئومێدی و خەمۆکی منداڵەکەیە لەو قۆناغەی تەمەنیدا (هەمان سەرچاوە).

لە ڕوانگەی ئێریکسۆنەوە، قۆناغی نەوجەوانی وەک قۆناغێکی ئاڵۆز و جەنجاڵ بۆ گەشەی "خود" و بونیادنانی شوناس دادەنرێت. لەم پڕۆسەیەدا، نەوجەوان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینە. هەروەها لە دەوروبەری خۆی و بەتایبەت لە ناو گرووپی هاوڕێکانیدا، خەریکی تاقیکردنەوەی هەڵسوکەوت و خودێتی جۆراوجۆرە، تاوەکو شوناسی کۆمەڵایەتی خۆی وەربگرێت و بناسێت (حەیدەری، ١٣٩٩). لەم سۆنگەیەوە، چالاکیە هونەریەکانی لە چەشنی وێنەکێشان، تەنیا چالاکیەکی فیزیکی ڕووت نین، بەڵکو دەکرێت وەکو ئامرازێکی ڕەنگدانەوەی ئەم هەوڵە ناوەکیە سەیر بکرێن؛ کاتێک نەوجەوانێک وێنەیەکی قەرەباڵغ و ڕووداو ئامێز (دەرەکیگەرا) دەکێشێت، لە ڕاستیدا لە ناو جەنجاڵی نیشانەکاندا، خەریکی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی پێگە و شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیەتی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا.

تەوەری سێیەم (ڤیکتۆر لووینفیڵد)

(Viktor Lowenfeld 1903-1960):

٣- فەلسەفەی گوزارشت و گەشەی هونەری لای (ڤیکتۆر لووینفیڵد)

٣.١. لووینفیڵد و گەشەی گوزارشت:

نیگارکێشان لە جیهانی منداڵدا، تەنیا کەرەستەیەکی سەرقاڵبوون یاخود هەر یاری کردنێک نیە بە تەنیا، بەڵکو وەکو زمانێکی گەردوونی (بێ دەنگ) کار دەکات کە تەنانەت پێش گەشەکردنی توانای ئاخاوتنیش سەرهەڵدەدات. منداڵ ڕێک لە ڕێگەی هێڵکاری و نەخشەکانیەوە ئەو بارە دەروونی و هەستی و ئارەزووە ناخودئاگاییانەی دەربڕێت کە هێشتا توانای دەستنیشانکردن و دارشتنیانی نیە لە چوارچێوەی وشە و ڕستەدا؛ لەم سۆنگەیەشەوە، هێڵکاری و وێنەکانی منداڵ دەبنە گرنگترین پرد و ئامرازی دیپلۆماسی بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی جیهانی ناوەوەی منداڵ لە لایەن دەوروبەرەوە (ذات لوینە و خالصی، ١٣٩٦: ٧٨-٨٥).

ڤیکتۆر لووینفیڵد (١٩٠٣-١٩٦٠)، بەباوکی پەروەردەی هونەری مۆدێرن دادەنرێت. ئەوپێی وایە هونەر نەک هەرچالاکیەکی جوانیناسیە بەتەنیا، بەڵکو پێوەرێکی سەرەکیشە بۆ(گەشەی ڕۆحی، گەشەی هەستی، گەشەی عەقڵی) منداڵ. لووینفیڵد جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت گەورەکان لە وێنەی منداڵاندا دەستوەردانان هەبێت، چونکە وێنە شوناسی ڕاستەقینەی منداڵەکەیە (Lowenfeld & Brittain, 1987, p. 45)، کتێبەکەی لووینفیڵد کە لە ساڵی ١٩٤٧ بڵاوکرایەوە، بەناوی (گەشەی داهێنەرانە و دەروونی -Creative and Mental Growth) بووبە کاریگەرترین کتێبی خوێندن لە بواری پەروەردەی هونەریدا. لووینفیڵد پێی وابوو بەڵگەکانی هەریەک لە (گەشەی جوانی، گەشەی کۆمەڵایەتی، گەشەی جەستەیی، گەشەی عەقڵی، گەشەی سۆزداری)، هەموو ئەوانە لەهونەری منداڵاندا ڕەنگدەدەنەوە. ئەو پەرەیدا بە تیۆریای قۆناغەکانی گەشەی هونەری، کە بریتین لە:

- هێڵەپەرتەکان: تەمەنی ٢-٤ ساڵ.
- پێش-هێڵکاری: تەمەنی ٤-٧ ساڵ.
- هێڵکاری: تەمەنی ٧-٩ ساڵ.
- سەرەتای ڕیالیزم: تەمەنی ٩-١٢ ساڵ.
- ڕیالیزمی ساختە: تەمەنی ١٢-١٤ ساڵ.
- قۆناغی بڕیاردان/قەیران: تەمەنی ١٤-١٧ ساڵ.

٣.١.١. قۆناغی هێڵەپەرتەکان، تەمەنی (٢-٤) ساڵ:

وێنەکێشان لەم قۆناغەدا تەنیا چالاکیەکی جوواڵەییە و منداڵ کۆنترۆڵی ماسولکەکانی دەکات. سەرەتا هێڵەکان لەم قۆناغەدا بێ ئامانجن، دواتر دەبنە هێڵکارییەک کە خۆی ناوێکیان لێدەنێت. وێنەکانی ژمارە (١٥).





وێنەکانی ژمارە (١٥)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی هێڵە پەرتەکان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ئەم قۆناغە وەک (لووینفێڵد و بریتان) ئاماژەی پێدەدەن، لە تەمەنی ٢ ساڵیەوە دەست پێدەکات و یەکەمین هەنگاوی گوزارشتی داهێنەرانەیە بۆیان. وێنەکێشان لێرەدا زیاتر جوڵە و چالاکیەکی بایۆلۆژییە نەک وێناکردنی شتەکان. لەم قۆناغەدا منداڵ بەسێ هەنگاوی سەرەکی گەشە دەکات:

یەکەم/ هێڵکاری ناڕێک: هێڵەکان بێ ئامانج و سەرەڕۆن، منداڵ چێژ لە جوڵەی دەستی و دروستکردنی شوێنەوار لەسەر کاغەزەکە دەبینێت بەتەنیا.

دووەم/ هێڵکاری کۆنترۆڵکراو: ئەمە وەرچەرخانێکی گرنگە، چونکە منداڵ تێبیدا درک بە پەیوەندی نێوان جوڵەی دەستی و ئەو هێڵانە دەکات کە دروستیان دەکات. لێرەدا هەماهەنگی نێوان دەست و چاو گەشە دەکات.


سێیەم/ ناولێنانی هێڵکارییەکان: لە تەمەنی ٣ و نیو بۆ ٤ ساڵیدا، منداڵ دەستدەکات بە ناو لێنانی هێڵەکان (بۆنموونە دەڵێت: ئەمە دایکمە، یان ئەمە فلان شتە و هتد ...). بۆیە ئەم قۆناغە لە گەشەی منداڵدا بەساتێکی مێژوویی دادەنرێت، چونکە لێرەدا بیرکردنەوەی جوڵەیی دەگۆڕێت بۆ بیرکردنەوەی وێنەیی و هێماگەری؛ واتە منداڵەکە چیتر هەر بۆ چێژی جوڵە وێنە ناکێشێت، بەڵکو دەیەوێت مانایەکیش بگەیەنێت (Lowenfeld & Brittain, 1987, pp. 87–99).

٣.١.٢. قۆناغی پێش-هێڵکاری، تەمەنی (٤-٧) ساڵ:

ئەم قۆناغە بەرەنگدانەوەی شوناس دەناسرێت و لە تەمەنی (٤ بۆ ٧) ساڵی دایە. لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمجار منداڵ پەیوەندی دروستدەکات لە نێوان (وێنە) و (واقیع)دا. ئەم قۆناغە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیەکی هۆشیارانەیە لە نێوان وێنە و واقیعدا. لێرەدا منداڵ هەوڵ دەدات نوێنەرایەتی جیهانی دەوروبەری بکات لە ڕێی وێنەکانیەوە. لەوانە:

یەکەم/ ڕەنگدانەوەی شوناس و مرۆڤە سەرپێیەکان: وێنەکردنی مرۆڤ، یەکەم نیشانەی شوناسە کە منداڵ دایدەهێنێت. لووینفێڵد ئەوە ڕووندەکاتەوە کە منداڵ لەم قۆناغەدا وێنەی مرۆڤ وەکو(سەر-پەل) دەکێشێت؛ واتە بازنەیەک دەکێشێت بۆ سەر و چەند هێڵێکیش بۆ پەلەکان، بە بێئەوەی قەد و جەستە بکێشێت. وەک وێنەی ژمارە (١٦).

دووەم/ مانای دەروونی: ئەم شێوازە نیشانەی ئەوەیە کە منداڵەکە هەر ئەو بەشانەی جەستەی دەکێشێت بە تەنیا کە لە ڕووی بایۆلۆژی و هەستیەوە گرنگن بۆی و درکیان پێدەکات. ئەم گەشە هونەریە هاوتایە لەگەڵ قۆناغی (دەسپێشخەری) لە لای ئێریکسۆن؛ چونکە منداڵ لێرەدا و لە ڕێگەی هێماکانەوە بە ئازادانە خەریکی تاقیکردنەوەی شوناسی خۆی و دەوروبەرەتی، ئەگەر منداڵەکە لە ڕەنگدا ئازاد بێت، ئەواشوناسێکی کراوەی بۆ دروست دەبێت (دادستان، ١٤٠٣).



وێنەی ژمارە (١٦)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی پێش هێڵکاری-ڕەنگدانەوەی شوناس.

جۆری ئەو هێڵانەی کە منداڵ لە وێنەدا دەیانکێشێت گوزارشتێکە دەربارەی کەسایەتی ئەومنداڵە. زۆرجار ئەو منداڵانەی هێڵی تۆخ بەکاردەهێنن، خاوەن کەسایەتیەکی (شەرانگێز یان پڕ لە دڵەراوکێ)ن، لە کاتێکدا هێڵە کاڵ و لەرزۆکەکان نیشانەی ترس و کەمبوونی متمانە بەخۆبوون دەگەیەنن (نظری و تیلاب، ١٣٩٧: ١٤). بە پێی تۆێژینەوەکەی (هارینگ) شیکردنەوەی ڕەنگاوڕەنگ و هێمایی لە وێنەی منداڵاندا، زیاتر بۆ تێگەیشتنە لە پەرچەکرداری منداڵ بەرامبەر بە ڕووداوە سەختەکانی وەکو قەیرانە مێژووییەکان (جەنگ و وێرانکاری)، قەیرانە سروشتیەکان (وەک زریان)، و دەستدرێژی و ئازاردان. لەم ڕوانگەیەوە، وێنەکێشان وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردنی بینراو کاردەکات کە یارمەتی منداڵ دەدات لایەنە ناخۆش و نەوتراوەکانی و ئەزموونەکانی دەربېرێت و پرۆسەی چاکبوونەوەی دەروونی خێراتر بکات (Haring, 2023).

٣.١.٣. قۆناغی هێڵکاری، تەمەنی (٧-٩) ساڵ:

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان تەمەنی (٧ بۆ ٩ ساڵی). منداڵ لەم تەمەنەدا بۆنیشاندانی شتەکان دەگاتە چەمکێکی جێگیر، کە قۆناغی هێڵکاری پێدەوترێت. چونکە دەرکەوتنی هێڵی زەمینی گرنگترین تایبەتمەندی ئەم قۆناغەیە و منداڵ دەبێتە خاوەنی هێڵێکی زەمینی:

یەکەم/ ڕەنگدانەوەی شوناس و ڕێکخستنی جیهان: دروستکردنی هێڵی زەمینی لەلایەن منداڵەوە هەنگاوێکی ئیدراکی بنەڕەتیە لە گەشەی بینایيدا و دەربڕینی تێگەیشتنی منداڵە بۆ پەیوەندی نێوان کێشکردنی زەوی و بۆشایی تەلارسازی وێنەکە؛ بە پێی تیۆریای ئیدراکی ڕۆدۆلف ئارنهایم, منداڵ لە ڕێگەی یاسای جیاکاری و دۆزینەوەی چوارچێوەی ئاماژە، جیهانی دەوروبەری لە سەرەتای شێواوی تەواوەوە بەرەو ڕێکخستنێکی سەقامگیر دەبات و هێڵی زەمینی دەخولقێنێت تاوەکو تەواوی توخمە بینراوەکانی وەکو (مرۆڤ، خانو، درەخت) لە سەر بنەمایەکی ستوونی و هاوتەریب بەیەکەوە و بە زەمینەوە ببەستێتەوە، کە ئەمەش نیشانەی پەرینەوەی منداڵە لە کێشانی فۆرمی دابڕاوەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بۆشاییگەرایی لە ناو چوارچێوە و سپەیسی لاپەرەکەدا (Arnheim, 1974, pp. 162–212). وێنەی ژمارە (١٧).

دووەم/ شوناسی کۆمەڵایەتی و ڕەنگی لۆژیکی: گواستنەوەی منداڵ بۆ بەکارهێنانی لۆژیکیانەی ڕەنگەکان (وەک کێشانی ئاسمانی شین و سەوزەی سەوز).

بە بۆچوونی ئێریکسۆن ئەم قۆناغە ڕەنگدانەوەی گەشەی شوناسی کۆمەڵایەتی و گەیشتنە بە قۆناغی (کارایی) بۆ پابەندبوون بە یاساکانی دەوروبەر؛ بەڵام لە ڕوانگەی ئێلیۆت ئایزنەرەوە، هونەر تەنیا ڕامبوون نیە بە سەرچەشنە جێگیرەکان، بەڵکو ئامرازێکە بۆ

داڕشتنەوەی مێشک و گەشەپێدانی هۆشیاری جۆرایەتی لە ڕێگەی گۆڕینی ئەزموونەکان بۆ شێوازی نوێنەرایەتیکردن. ئایزنەر ئاماژە بەوە دەکات کە فێربوونی هونەر توانای بڕیاردان لە دەرەوەی یاسا ستانداردەکان لای منداڵ بەهێز دەکات، تاوەکو فێری شیکاری فرەڕەهەند و درککردن بە پەیوەندی بەش و گشت و دەربڕینی ئەو مانایانە ببێت کە زمان توانای هەڵگرتن و گۆکردنیانی نیە (Eisner, 2002).




وێنەکانی ژمارە (١٧)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی هێڵکاری-ڕەنگدانەوەی شوناس.

٣.١.٤. قۆناغی سەرەتای ڕیالیزم، تەمەنی (٩-١٢) ساڵ:

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان تەمەنی (٩ بۆ ١٢ ساڵی)، کەمندااڵ تێیدا لە خۆسەنتەری دەردەچێت و ڕوودەکات لە گرووپ و هاوڕێ. ئەم تەمەنە (لوونفیڵد و بریتان) ئاماژەی پێدەدەن، قۆناغی (سەربەخۆیی منداڵە) و ڕووکردنیانە بۆ ناوگرووپی هاوڕێیان. لەم قۆناغەدا منداڵ چیتر هێڵکارییەکی ساده بەکارناهێنێت بەتەنیا، بەڵکو هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکانی پۆشاک و ڕەگەز و واقیع نیشان بدات. وێنەکان لەم قۆناغەدا وردترەبن. لێرەدا بەڕوونی جیاوازیەکانی نێوان (هەستگەرا و ئیلهامگەرا) بەدەردەکەوێت. لوونفیڵد دوو جۆر شێوازی دەربڕین دیاریدەکات:

یەکەم/ دەربڕینی بینایی: منداڵ لەم شێوازەدا وەکو بینەرێکی دەرەکی لە جیهان دەڕوانێت و هەوڵدەدات وێنەکان بەو شێوازە بکێشێت کە دەیانبینێت. منداڵان لەم تەمەنەدا زیاتر بەوە سەرسامن دنیای دەرەوە بە شێوەیەکی دروست نیشان بدەن، نەک هەردەربڕینی هەستی خۆیان بەتەنیا. لەم قۆناغەدا منداڵەکە وێنەی دەرەوە وەکو فۆتۆگرافەر دەکێشێت. کە ڕێک دەچێتەوە سەر تایپی (هەستگەرا)؛ وێنەی ژمارە (١٨).



وێنەی ژمارە (١٨)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی سەرەتای ڕیالیزم-دەربڕینی بینایی.

دووەم/ دەربڕینی دەروونی: تێگەیشتنی منداڵ بۆ جیهان و دەربڕینی هونەری، هەمیشە پابەند نیە بە تۆمارکردنی بینایی واقیعی دەرەکییەوە؛ بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا لەسەر بنەمای ئەزموونی ناوەکی و هەستە دەروونیەکان و بەرکەوتە سۆزداریەکان فۆرمەلە دەبێت کە لوینفیڵد بە جۆری ئیلهامگەرا ئاماژەی پێ دەکات. لەم جۆرە دەربڕینەدا، منداڵ ڕەنگ و قەبارە و شێوەکان بۆ نیشاندانی بایەخی سۆزداری و باری دەروونی خۆی بەکار دەهێنێت، نەک بۆ ڕەنگدانەوەی واقیعی فیزیکی؛ بە جۆرێک کە گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندی سروشتی نێوان ڕەنگ و سەربووڕەکان، ئاماژەیە بۆ ئاستی پەیوەندییە سۆزدارییەکان و کاردانەوە دەروونیەکانی منداڵ بەرامبەر بە ژینگەی دەوروبەری (Lowenfeld & Brittain, 1964). وێنەی ژمارە (١٩).



وێنەی ژمارە (١٩)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی سەرەتای ڕیالیزم-دەربڕینی دەروونی.

٣.١.٥. قۆناغی نیمچەڕیالیزم یان نیمچە-واقیعگەرایی،تەمەنی (١٢-١٤) ساڵ:

ئەم قۆناغە کە تەمەنی ١٢ تا ١٤ ساڵی لە خۆ دەگرێت، چەشنی پردێکە لە نێوان دنیای منداڵی و دنیای گەورەبوندا. چەند گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لێرەدا ڕووەدەدن. منداڵ پێشتر شتەکانی بەو شێوەیە دەکێشا کە(دەیزانی) یان (هەستی پێدەکرد) بۆ نموونە: کێشانی هەردوو چاوی مرۆڤ لە پرۆفایلدا چونکە دەزانێت مرۆڤ دوو چاوی هەیە، بەڵام لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدات شتەکان بەو شێوازە بکێشێت کە(دەیانبینێت). لەوانە:

یەکەم/ سێ ڕەهەندی: منداڵ بۆ یەکەمجار بە ئاگا دێتەوە لە چەمکی (قوواڵی). لێرەدا شتەکان لە سەر یەک هێڵی ڕاست کۆ ناکاتەوە و هەوڵدەدات دوور و نزیکی نیشان بدات.

دووەم/ سێبەر و ڕووناکی: گرنگیدان بە سێبەر بۆ ئەوەیە قەبارە ببەخشێت بە شێوەکان، ئەمەش هێمای گەشەی هۆشمەندی بینەیی (بصری)یەتی. وێنەکانی ژمارە (٢٠).

سێیەم/ ڕەخنەگرتن لە خود: منداڵ لەم تەمەنەدا زۆر ڕەخنەدەگرێت لە کارەکانی خۆی. ئەگەر نەتوانێت بە واقیعی شتەکان بکێشێت، لەوانەیە واز لە وێنەکێشان بهێنێت و تووشی بێ ئومێدی ببێت؛ هەر بۆیە لوونفیڵد پێی وایە ئەم قۆناغە زۆر هەستیارە بۆ پەروەردەی هونەری (Lowenfeld, 1939).




وێنەکانی ژمارە (٢٠)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی نیمچە ڕیالیزم.

٣.١.٦. قۆناغی (١٢-١٤) ساڵی و گوزارشتکردن:

ژینگەی دەرەکی و فشار خستنەکانی سەر ژیانی نەوجەوانان، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر چۆنیەتی گوزارشتکردنیان هەیە. لەم قۆناغەدا (١٢-١٤ ساڵ)، ئەگەر نەوجەوان لە ژینگەیەکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

وەکو کۆڵان یان بازاڕدا بێت، وێنەکانی دەبن بە ئاوێنەی تورەیی و بێزاری ناوەکیان. لەوانە:

یەکەم/ کاردانەوەی ناهۆشیارانە: منداڵان لە پێناو دەربڕینی ڕاستەوخۆی شوێنەواوە دەروونیەکانی قەیران و کارەساتە ناخۆشەکانی ژیانیان، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ڕەنگی تۆخ و توند و هێمای بینەیی شێواو. لە قۆناغی گەشەدا، کاتێک واقیعی دەرەوەی منداڵەکە تووشی شۆک یان نالەباری دەبێتەوە، توانای ئاسایی بۆ کێشانی وێنەی ڕێکخراو یان ڕیالیزمی سروشتی کەم دەبێتەوە؛ لە بەرامبەردا هونەر وەک ئامرازێکی نا-وشەیی بۆ دەربڕینی دڵەراوکێ و ڕزگاربوون لە فشارە دەروونیەکان و دووبارە ڕێکخستنەوەی جیهانی ناوەوەی منداڵ کار دەکات (Haring, 2023, pp. 112–118).

دووەم/ خاڵی وەرچەرخان: تۆژینەوەکە دەریخستووە کە ئەم منداڵانە لە ڕێگەی (بداهە سازی) (وێنەکێشانی بێپلان) هەوڵ دەدەن فشارە دەروونیەکانیان بەتاڵ بکەنەوە. ئەگەر ئەم دەرفەتە نەڕەخسێت بۆیان، ڕێک وەک ئەوەی لووینفێلد ئاماژەی پێکردووە، بە هۆی هەستکردن بە کەمی و ڕەخنەگرتن لە خود، بەتەواوی دادەبڕێن لە دنیای هونەر.

٣.١.٧. قۆناغی بڕیاردان، تەمەنی (١٤ تا ١٧) ساڵ:

ئەم قۆناغە وەکو کۆتایی گەشەی سروشتی هونەری دەبینرێت لە لای هەموو کەسێک و هەرزەکار تێیدا دەگاتە خاڵێکی یەکلاکەرەوە. تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە:

یەکەم/ هۆشیاری تەواو: هونەر چیدیکە هەر کایەیەکی منداڵانە یان چالاکیەکی غەریزی نیە بە تەنیا، بەڵکو دەبێتە کارێکی هۆشیارانە. هەرزەکار بە وردی لە کارەکانی دەڕوانێت و بەراوردیان دەکات بەواقیع یان بەکاری هونەرمەندە پیشەگەرەکان.

دووەم/ دابەشبوونی کەسایەتی هونەری: لێرەدا ئەو جیاوازیە دەگاتە لوتکە کە لە قۆناغی پێشتر دەستی پێکردبوو لە نێوان بینراو (بصری) و هەستپێکراو (لمسی)دا.

سێیەم/ کەسایەتی بینراو: هەوڵەدات شتەکان وەکوکامێرا بگوازێتەوە، گرنگی دەدات بە فەزا و پێشوەچوونی ڕەنگ و قووڵایی. وێنەکانی ژمارە (٢١).

چوارەم/ کەسایەتی هەستپێکراو: گرنگی دەدات بە دەربڕینی هەستە ناوەکیەکانی؛ ڕەنگە قەبارەی مرۆڤێک گەورە بکات تەنیا لە بەرئەوەی ئەو مرۆڤە لە لای ئەو گرنگە لەو ساتەدا ، نەوەک لەبەر ئەوەی خۆی لەواقیعدا وابێت.

پێنجەم/ بڕیاری بەردەوامبوون یان وەستان: لووینفێلد پێی وایە زۆربەی مرۆڤەکان لەم تەمەنەدا دەست لە هونەر دەکێشنەوە، ئەگەر بێت و هاندەرێکی بەهێزیان نەبێت، یاخود هەست نەکەن کە بەهرەمەندن. ئەوانەشی بەردەوام دەبن، هونەر وەکو ئامرازێکی گوزارشتکردن بەکاردەهێنن لە ناسنامەی خۆیان (Lowenfeld & Brittain, 1987).





وێنەکانی ژمارە (٢١)، نمونەیەک لە نیگاری قۆناغی بڕیاردانی کەسایەتی بینراو.

٣.٢. شیکاری وینە، (شوناس و باری دەروونی):

شوێنی جێگیربوونی وێنە لە سەر ڕووبەری کاغەز و سپەیس پەیامێکی دەرونی منداڵە دەربارەی ئاستی متمانە بە خۆبوونی. چەند نمونەیەک لەوانە:

یەکەم/ شوێنی وێنە لە ناوەڕاستی کاغەز: ئەگەر لە ناوەڕاستی کاغەزەکەدا وێنەکە کێشرابێت، ئاماژەیە بۆ ئاسایشی دەروونی و چڕبونەوەیشە لەسەر هەستەکانی خود.

دووەم/ شوێنی وێنە لە گۆشەی کاغەز: ئەو منداڵانەی وێنەکانیان لە گۆشەی کاغەزەکەدایە و زۆر بە بچووکی کێشراوە، نیشانەی نەبوونی متمانە بە خۆبوون و شوناسێکی شڵەژاوە تێیاندا.

سێیەم/ نەبوونی پەیوەندی فۆرمی ناو وێنە: نەبوونی پەیوەندی لە نێوان بەش و فۆرمەکانی ناو وێنەکەدا، ئاماژەیە بۆ هەژاری ژینگەی کۆمەڵایەتی و کەمی ئەزموونی تاکەکەسیە.

چوارەم/ شوێنی وێنە لە خوارەوەی کاغەز: ئەگەر منداڵ لە خوارەوەی کاغەزەکەدا وێنەکە بکێشێت، ئەوا نیشانەیەکی بەهێزە بۆ ناسەقامگیری و ناچاری دەروونی و هەستکردن بە بێبەهایی (نورولند، ١٤٠٢).

٣.٣. واتای فەلسەفی؛ (هونەر وەک ئامرازی چارەسەر):

لووینفێلد پێی وایە منداڵێک کاتێک کە وێنە دەکێشێت، ئەواخەریکی ڕێکخستنەوەی پارچەکانی جیهانی ناوەوەی خۆیەتی. ئەگەر منداڵ لە قۆناغی(قەیرانی شوناس)ی ئێریکسۆندا بێت، ئەواهونەر دەبێتە تاکە پەناگە بۆی تاوەکو بتوانێت (نیانگەرا)بێت و بەبێ ترس لە بڕیار و حوکمی دەوروبەر، خودی خۆی بونیاد بنێت. وێنەکێشان هەر گوزارشت نیە بە تەنیا، بەڵکو میتۆدێکی کاریگەرە بۆ کەمکردنەوەی ئاماژە جەستەیی و دەروونیەکانی دڵەراوکێ. لەم قۆناغی بڕیاردانەدا (١٤-١٧) ساڵ، هونەر دەتوانێت وەک جۆرێک لە(مداخلە) کار بکات بۆئەمانە:

یەکەم/ کەمکردنەوەی هەستیاری زۆر: وێنەکێشان یارمەتی هەرزەکاران دەدات کەوا چڕبوونەوەیان زیاتر بێت و لەو فشارە دەروونیانە ڕزگاریان ببێت کەلەم تەمەنەدا بەهۆی گۆڕانی شوناسەوە تووشی دەبن (عومرانی پوور و محەمەد مورادی، ١٣٩٠).

دووەم/ سەقامگیری عاتیفی: ئەنجامەکان دەریانخستووە بەکارهێنانی هونەر وەکو چارەسەر، نەک هەر لەکاتی وێنەکێشانەکەدا بە تەنیا، بەڵکو لە قۆناغی بەدواداچوونیشدا شوێنەواوە ئەرێنیەکانی لە سەر کەسایەتی تاک دەمێنێتەوە.

سێیەم/ کارامەیی کۆمەڵایەتی: وێنەکێشانی منداڵ ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە ناوەکیەکان و جیهانی دەروونی؛ پرۆسەی دەربڕینی شێوەکاری هاوکارە لە بەدیهێنانی

سەقامگیری عاتیفی و وەدەرنانی ترس و دڵەڕاوکێ شاراوەکان. لە ڕێگەی شیکردنەوەی توخمەکانی وەک جۆری هێڵەکان و ڕووبەری بەکارهاتوو لەسەر کاغەزەکە و ڕەنگەکان و هێما سەرەکییەکانی وەک (ماڵ و درەخت و فیگەری خێزان)، دەکرێت زانیاری ورد لەسەر ئاستی متمانە بەخۆبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ لەگەڵ دەوروبەریدا بەدەستبهێنرێت. ئەم تێگەیشتنە دەروونیە یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی منداڵ و بەهێزکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە جیهانی دەرەوەدا (نظری و تیلاب، ١٣٩٧).

تەوەری چوارەم (ئەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیار)

٤.١. ئەنجامەکانی توێژینەوە:

لە ڕێگەی شیکردنەوەی فێنۆمینۆلۆژییەوە توێژینەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامە جەوهەرییانەی خوارەوە:

١- توێژینەوەکە سەلماندی کەوێنە و نیگاری منداڵ (تەلارسازییەکی سێ ڕەهەندییە)؛ ڕەهەندی سایکۆلۆژی (یۆنگ)کە جۆری وزەی دەروونی دیاریدەکات، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (ئێریکسۆن)کە قۆناغی گەشەی شوناس نیشان دەدات، لەگەڵ ڕەهەندی ئیستاتیکی (لووینفێڵد)کە ئاستی گوزارشت و ئازادی خود دەردەخات. هەر پەککەوتنێک لە یەکێک لەم ڕەهەندانەدا، بەشێوەی (کۆدێکی بینراو) دەردەکەوێت لە نیگاری منداڵدا.

٢- تیۆریاکەی یۆنگ و شیکارییەکانی توێژینەوەکە پێماندەڵێن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ بونی هەیە لە نێوان (سەرچاوەی وزەی دەروونی) و (قەبارەی فیگەرەکان)دا؛ بە چەشنێک منداڵی (ناوەکیگەرا) فیگەری بچووک و گۆشەگیر دەکێشێت بە بەکارهێنانی زیاتری ڕەنگە ساردەکان، لە کاتێکدا (دەرەکیگەرا)کان فەزای کراوە و فیگەری گەورە و ڕەنگی گەش بە کاردەهێنن. هەروەها ئەوەدەرکەوت کەوا منداڵانی ناوەکیگەرا (Introverts) مەیلیان بەرەو بەکارهێنانی وردەکاری زۆر و فەزای ناوەندی و هێڵی ورد هەیە، کە وەکو دیوارێکی پارێزەر کاردەکات بۆ پاراستنی جیهانی ناوەوەیان. لە بەرامبەریشدا، منداڵانی دەرەکیگەرا (Extroverts) لاپەڕەکە وەکو سەکۆیەک بە کاردەهێنن بۆ(داگیرکاری بینراو) و فۆرمەکانیان پەل دەهاوێژن بەرەو دەرەوەی چوارچێوەی کاغەزەکە.

٣- توێژینەوەکە ئەوەی ئاشکراکرد کە لەلای ئێریکسۆن، قۆناغی(شوناس بەرامبەر شێواوی شوناس) بە شێوەی (شێواندنی ئەندامەکانی جەستە) یان (نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان فیگەر و باکگراوندا) لە وێنەی نەوجەوانداندا مانیفێست دەبێت. دەکرێت قەیرانی شوناس و هەستکردن بە بێدەسەڵاتی، یان گوناە لە لای منداڵ لە ڕێی (هێڵی لەرزیو و پچڕپچڕ)ەوە دەربکەوێت و پاشان خۆی لە نەکێشانی ئەندامە جەوهەرییەکانی وەکو (دەم و دەست) نیشان بدات لە وێنەکانیاندا.

توێژینەوەکە لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە گەیشتن بە قۆناغی (ڕیالیزمی هۆشیارانە) لە لای لووینفێڵد، بەڵگەیەکی مادییە بۆ سەرکەوتنی منداڵ لە تێپەڕاندنی قەیرانی (شوناس بەرامبەر شێواوی شوناس) لای ئێریکسۆن. ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی کە نەوجەوانەکە بۆدۆزینەوەی پێگەی خۆی لە ناو جیهاندا لە ململانێدایە.

٤- ئەومنداڵانەی لە قۆناغی (هێڵکاری یان ڕیالیست)دان و خاوەنی کەسایەتیەکی (هەستگەرا یان ئیلهامگەرا)ن، دەرکەوت کە ئەگەر لە گوزارشتی ئازادانەدا ڕێگریان لێبکرێت، ئەواتووشی چەقبەستوویی دەروونی دەبن کە کاریگەری نەرێنی لەسەر بونیادی شوناسیان دروستدەکات لە قۆناغەکانی دواتری ئێریکسۆندا.

٥- توێژینەوەکە بەو دەرەنجامە گەیشت کە وێنەی منداڵ هەرلاسایکردنەوەی واقیع نیە بە تەنیا، بەڵکو بەڵگەیەکی بوونگەراییە کە تێیدا منداڵەکە لە ڕێگەی نیشانە و هێماکانەوە، خەریکی بونیادنانی (خود)ە.

٤.٢. ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

لە پێناوئەوەی ئەنجامەتیۆری و پراکتیکیەکانی ئەم توێژینەوەیە لە هەرسێ کایەکانی (پەروەردە، دەروونناسی، هونەر)دا، ببنەهەوێنی گۆڕانکاری ڕیشەیی، ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

یەکەم/ ئاستی ئەکادیمی و بونیادنانەوەی هۆشیاری:

- دارشتنەوەی مانیفێستی پەروەردەیی: پێویستە وەزارەتی پەروەردە گۆڕانکاری لە چەمکی (وانەی هونەر)دا بکات و لە چالاکیەکی تەکنیکیەوە بیگۆڕێت بۆ(تاقیگەی فێنۆمینۆلۆژیای شوناس). نابێت وەکو بابەتێکی نمرەیی لە هونەربڕوانرێت، بەڵکو پێویستە وەکو ئامرازێکی(دیالۆگی بێدەنگ) بەکاربهێنرێت لە پێناو ناسینەوەی تایپۆلۆژیای کەسایەتی قوتابیان و فێرخوازان.

- بنیادنانی (ئەتڵەسی نیشانەناسی منداڵی کورد): لە پێناو دروستکردنی بانکێکی زانیاری وێنەیی، ڕاسپاردە دەکەین ناوەندە توێژینەوەییەکان کاربکەن کە تێیدا سیمبول و کۆدە وێنەییەکانی منداڵانی کوردستان پۆلین بکرێن بەپێی ژینگەی (ناوەکیگەرا و دەرەکیگەرا)، تاوەکو بۆ توێژەرانی داهاتوو ببێت بەسەرچاوە.

دووەم/ ئاستی کلینیکی و چارەسەری:

- بەیاسایکردنی (شیکاریی وێنە) لە پشکنینە دەروونیەکاندا: پێویستە شیکاری نیگار و وێنە لە ناوەندە تەندروستیەکاندا، ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە پڕۆسەی (دەستنیشانکردنی خێزا)، بەتایبەتی لەسەر بنەمای تیۆرەکانی (یۆنگ و ئێریکسۆن)، بۆ ئەو منداڵانەی کە مەترسی شڵەژانی شوناسیان لەسەرە.

- دامەزراندنی (کلینیکی گوزارشتی ئازاد): ڕاسپاردە دەکەین ناوەندی تایبەتمەند دابمەزرێت بۆ جێبەجێکردنی مۆدێلی لووینفێڵد؛ شوێنێک کە منداڵ لە ڕێگەی ڕەنگ و فۆرمەوە، (بێ هیچ سانسۆر و دەستێوەردانێکی گەورەکان)، خودی ڕاستەقینەی خۆی تێیدا بنیات بنێتەوە.

سێیەم/ ئاستی پیشەیی و ڕاهێنان (پەروەردەی پسپۆڕان):

- ڕاهێنانی مامۆستای پسپۆڕ بە دیاردەناسی (فێنۆمینۆلۆژیست): پێشنیار دەکرێت خولی چڕوپڕ بکرێتەوە بۆ مامۆستایانی هونەر، ئەو خولانەش بۆ فێربوونی نیگارکێشان نەبێت لە ڕوی تەکنیکیەوە، بەڵکو ئامانج لێی فێربوونی (بینین)بێت. پێویستە مامۆستا لە پشت هێڵە لەرزیوەکانەوە، فێری چۆنێتی خوێندنەوەی قەیرانی شوناسی ئێریکسۆن ببێت و وزەی ناوەکیگەرای یۆنگ بخوێنێتەوە.

- تێهەڵکێشکردنی سایکۆلۆژیا و هونەر لە زانکۆکاندا: پێویستە وانەیەکی چڕ بەناوی (سایکۆ-فێنۆمینۆلۆژیای هونەر)، لەکۆلێژەکانی(هونەرە جوانەکان، پەروەردەی هونەر، پەیمانگای هونەرجوانەکان)، زیادبکرێت کەلەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە بونیاد نرابێت.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

چوارەم/ ئاستی خێزانی و کۆمەڵایەتی (پاراستنی شوناس):
- بەرگری لە(تەلارسازی دەروونی) منداڵ: ڕاسپاردە دەکەین بۆ دایک و باوکان، کەمپەینی هۆشیاری نیشتمانی ڕابگەیەنرێت، تاوەکو درک بکەن بەوەی کە دەستکاری کردنی وێنەی منداڵ یان سەپاندنی ڕەنگ و فۆرمێکی دیاریکراو بەسەریاندا، بەواتای تێکدانی بونیادی شوناسیان دێت و دواجار دەبێتەهۆی دروستکردنی شوناسێکی ساختە، کە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی بوونگەرایی بۆیان.

٤.٣. پێشنیارەکانی توێژینەوە:
بۆ قوواڵبونەوەی زیاتر لەم کایە دەگەمەن و دانسقەیە، توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە دەکات بۆ داهاتوو:
- توێژینەوەی بەراوردکاری: لەپێناو دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کاریگەری ژینگەی جیاواز لەسەر تایپۆلۆژیای کەسایەتی منداڵان، لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدرێت لە نێوان (شوناسی بینراو)ی منداڵانی کورد لە(ناوخۆ) و منداڵانی کورد لە (هەندەران).
- کاریگەری تەکنەلۆژیا: ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەوەی کەئایا وێنەکێشانی دیجیتاڵی (تایبڵێت و مۆبایل) چۆن کاردەکاتە سەرقۆناغەکانی گەشەی لوواینفێڵد، هەروەها ئایا لە گەشەی شوناسی ئێریکسۆندا دەبێتە هۆی کورتهێنان؟
- وێنە و جێندەر: لە سەرجیاوازیەکانی شوناسی جێندەری لە نیگارکێشانی منداڵاندا، لێکۆڵینەوەیەکی فێنۆمینۆلۆژی ئەنجامبدرێت، لێکۆڵینەوەکەش لە ژێر تیشکی ئارکیتایپەکانی (ئانیما و ئانیمۆس)ی کارڵ گۆستاف یۆنگدا ئاراستە بکرێت.
- تراوما و شوناس: لە پێناو تێگەیشتن لە چۆنیەتی بونیاتنانەوەی (شوناسی پارچەپارچە بوو) لە ڕێگەی هونەرەوە، توێژینەوە ئەنجامبدرێت لەسەر وێنەی ئەومنداڵانەی کە ئاوارەیی یاخود تراومای جەنگیان بینیوە.

٤.٤. سەرچاوەکان

١. (کتێب):
- آرون روبین، ج. (١٣٩۶). هنر درمانی .ترجمه: ش. صدری و ف. ایمانی مرنی. چاپ اول. تهران: انتشارات ارسباران.
- اریکسون، ا. ا. (١٣٩۶). مقدمات روان‌شناسی اریکسون: نظریه‌های تحلیل روان ۵ .ترجمه: س. خداوردیان و س. حسن‌زاده. چاپ اول. تهران: انتشارات پندار تابان.
- حیدری، ع. (١٣٩٩). روانشناسی و معمای هویت نوجوانان، چاپ اول. تهران: انتشارات گنجور.
- دادستان، پ. (١۴٠٣). ارزشیابی شخصیت کودکان بر اساس آزمون‌های ترسیمی .چاپ یازدهم. تهران: انتشارات رشد.
- شارپ، د. (١۴٠١). تیپ‌های شخصیتی: مدل تیپ‌شناسی یونگ . ترجمه: ب. نجفی. چاپ اول. تهران: انتشارات هیرمند.
- صیمری، س. (١۴٠١). شخصیت شناسی کودک .MBTI چاپ اول. تهران: انتشارات مانیان.
- فراری، آ. ا. (١٣٩٨). نقاشی کودکان و مفاهیم آن .ترجمه: ع. صرافان. چاپ چهاردهم. تهران: انتشارات دستان.
- کاترین مایرز، ل. و کربی، ل. (١۴٠٠). ریشه‌های ناخودآگاه شخصیت .ترجمه: آ. هورداد. چاپ اول. تهران: انتشارات نشر افکار.
- کرمن، ل. (١۴٠٣). نقاشی کودکان: کاربرد تست ترسیم خانواده در کلینیک .ترجمه: پ. دادستان و م. منصور. چاپ یازدهم. تهران: انتشارات رشد.
- نظری، ج. و تیلاب، ش. (١٣٩٧). هنر تفسیر نقاشی. چاپ اول. تهران: انتشارات اندیشه ارشد.
- یونگ، ک. گ. (١۴٠۴). تیپ های شخصیت. ترجمه: ا. میرانی. چاپ سوم. تهران: نشر کتاب پارسه.

٢. (توێژینەوە و وتارە زانستیەکان):
- بروجردی، م.، اسدزاده، ح. حجازی، م. و انتصار فومنی، غ. (١٣٩٩). التأثیر آموزش نقاشی در کاهش پرخاشگری و افزایش خلاقیت کودکان پیش‌دبستانی شهر همدان. مجله مطالعات ناتوانی، ١٠، مقاله ۴٣، صص ١-٨.
- خدادادی، ن. (١٣٩٧). اثربخشی هنر درمانی با رویکرد نقاشی بر بازشناسی هیجانی چهره کودکان اتیسم با عملکرد بالا. نشریه توانمندسازی کودکان استثنایی، ٩(١)، صص ٨٩-٩٨.
- ذات‌لوینه، م. و خالصی، ن. (١٣٩۶). کارکرد آموزش نقاشی برای دوره دبستان (با تاکید بر مهارتهای اجتماعی). فصلنامه علمی تخصصی پژوهش در هنر و علوم انسانی، ٢(۵)، صص ٧٨-٨۵.
- رقیبی، م. و خان‌محمدزاده، ز. (١٣٩٨). پرورش خلاقیت کودکان ۶ ساله با استفاده از آموزش نقاشی خلاق. فصلنامه ابتکار و خلاقیت در علوم انسانی، ٨(٤)، صص ١-٢۴.
- سیداسماعیلی قمی، ن. و شیخ‌الاسلامی، ع. (١٣٩٢). مقایسه نشانه های اضطراب و افسردگی در نقاشی آدمک دانش آموزان کم توان ذهنی و عادی. روانشناسی تحولی: روانشناسان ایرانی، ١٠(٣٧)، صص ٧-١٨.
- عمرانی‌پور، ع. و محمدمرادی، ا. (١٣٩٠). تحلیلی بر ویژگی‌های محیط در نظریه شخصیت اریکسون. نشریه علمی آرمان‌شهر، ۴(٧)، صص ۴١-۵٠.
- فرشیدنیک، ف. (١٣٩٨). تحلیل جنبه‌های تفکر خلاقانه در نقاشی کودکان ٣ تا ۵ سال (گروه سنی الف). تفکر و کودک، ١٠(٢)، صص ١۵۵-١٨٢.
- واحد دهکردی، ف.، پاکباز، ر. و فهیمی فر، ا. (١٣٩٣). جهش تصویری بهشت و جهنم در نقاشی کودکان (نمونه موردی: کودکان ۶ تا ٩ ساله). نشریه نگره، ٩(٣٢)، صص ٨١-٩٧.

٣. (سەرچاوە ئینتەرنێتیەکان):
- برتری شو. (١۴٠٢). روانشناسی نقاشی کودکان؛ معنی درخت در نقاشی. {پێگەی ئەلیکترۆنی} ١۴ اردیبهشت. بەردەستە لە https://bartarisho.ir: {ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢۴ مرداد ١۴٠۵}.
- بیگلربیگی، ب. (١٣٩٢). پیام روان‌شناسی (وبلاگ). {پێگەی ئەلیکترۆنی} بلاگفا. بەردەستە لە : http://psypay.blogfa.com/post/37: {ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢۴ مرداد ١۴٠۵}.
- روان آموز. (١۴٠٢). معرفی کامل مراحل رشد روانی اجتماعی اریکسون. {پێگەی ئەلیکترۆنی} بلاگ روان آموز، ٢٩ شهریور. بەردەستە لە https://ravanamooz.ir/blog/: {ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢۴ مرداد ١۴٠۵}.
- روان‌شو. (١۴٠٣). اریک اریکسون مراحل رشد روانی اجتماعی. {پێگەی ئەلیکترۆنی} بەردەستە لە:

https://ravanshow.ir/ :{ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٤ مرداد ١۴٠۵}.
- صفاری، م. (١۴٠٠). تفسیر نقاشی کودکان و تحلیل روانشناسی از آن. {پێگەی ئەلیکترۆنی}. مجله تخصصی مشاوره روانشناسی سیمیاروم. بەردەستە لە :https://simiaroom.com/blog/ {ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٤ مرداد ١۴٠۵}.
- نورولند.(١۴٠٢) ٢٢ مورد کلیدی برای تفسیر نقاشی کودکان در خانه.{پێگەی ئەلیکترۆنی}. وبسایت تخصصی روانشناسی و بازی کودک نورولند، ٢١ اسفند. بەردەستە لە : https://neurolandgame.com/blog/psychology/decode-kid-drawing/ {ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٤ مرداد ١۴٠۵}.
٤. (سەرچاوە لاتینیەکان):
- Arnheim, R. (1974). *Art and Visual Perception: A Psychology of the Creative Eye*. Expanded and Revised edition. Berkeley: University of California Press.
- Eisner, E.W. (2002). *The Arts and the Creation of Mind*. New Haven: Yale University Press.
- Erikson, E.H. (1968). *Identity: Youth and Crisis*. New York: W. W. Norton & Company.
- Haring, U.E.M. (2023). *Drawing through disaster: Young children's artwork*. Doctoral dissertation. James Cook University, ResearchOnline@JCU. Available at: https://doi.org/10.25903/7cc3-m688.
- Lowenfeld, V. (1939). *The Nature of Creative Activity: Experimental and Psychological Studies*. Translated from German by O.A. Oeser. London: Routledge & Kegan Paul.
- Lowenfeld, V. and Brittain, W.L. (1964). *Creative and Mental Growth*. 4th ed. New York: Macmillan Company.
- Lowenfeld, V. and Brittain, W.L. (1987). *Creative and Mental Growth*. 8th ed. New York: Macmillan Publishing Company.

الملخص:
تمثل هذه الدراسة مسعى أكاديمياً متعدد الأبعاد، يتناول نظريات ثلاثة من أبرز المنظّرين العالميين من خلال مقارنتها برسوم الأطفال والمراهقين، بهدف الكشف عن العلاقة العضوية القائمة بين الرسم لدى الطفل وبنية شخصيته. وفي ظل العالم المعاصر الذي يعاني من أزمة هوية واضطراب في منظومة العلامات والرموز، تتجلى صورة الطفل والمراهق بوصفها نصاً خطابياً ونفسياً يعكس مستقبل الطفل وعالمه الداخلي الخفي. وتتبلور الإشكالية الرئيسة للدراسة في السؤال الآتي: كيف يمكننا النفاذ إلى عوالم الأنماط الستة عشر للشخصية لدى كارل غوستاف يونغ من خلال تحليل أشكال رسوم الأطفال وألوانها وخطوطها؟ وكيف يمكن، بعد ذلك، تحديد مراحل نمو الهوية لدى إريك إريكسون في تلك الرسوم؟ تنطلق هذه الدراسة من منظور ظاهراتي (فينومينولوجي)، وتعتمد المنهج الوصفي التحليلي. وفي الجانب النظري، تسعى إلى توظيف فلسفة الجمال والتعبير لدى فيكتور لوينفيلد بوصفها جسراً يربط الوظائف النفسية لدى يونغ بمراحل الإرادة والهوية لدى إريكسون. وتتجلى القيمة الإبداعية لهذه الدراسة في أنها لا تنظر إلى صورة الطفل بوصفها مجرد مظهر من مظاهر النمو البيولوجي، بل تقارنها بالنظريات، ثم تقرأها بوصفها دليلاً وجودياً يبني الطفل من خلاله رؤيته للعالم ومستقبله المنشود. أما في الجانب التطبيقي، فتجري الدراسة تحليلاً لعدد من نماذج رسوم الأطفال والمراهقين، بهدف ربطها بنظريات علماء النفس الثلاثة وتفسيرها وقراءتها ضمن أطرهم النظرية. ومن خلال سيميولوجيا التصوير، يتضح كيف توظف الأنماط الشعورية الفضاء التصويري في مقابل الأنماط الإلهامية، وكيف تنعكس أزمة الهوية في تحولات الخطوط وتشويه الأشكال. وتؤكد نتائج هذه الدراسة أن فهم أنماط الشخصية وتصنيفاتها يُعد شرطاً أساسياً لإحداث أي تغيير حقيقي في منظومتي التربية وحماية الطفل. وختاماً، تقدم الدراسة توصيات عملية إلى المؤسسات الحكومية والأكاديمية، تدعوها إلى توظيف الفن بوصفه أداة استراتيجية للتعرف على احتياجات الجيل الجديد وبناء مستقبل جدير به.

الكلمات المفتاحية: الرسم لدى الأطفال، انعكاس الهوية، شخصية الطفل والمراهق، تصنيف يونغ لأنماط الشخصية، هوية إريكسون، التعبير لدى لوينفيلد.

Abstract:
This study represents a multidimensional academic endeavor that examines the theories of three internationally renowned theorists through a comparative analysis of their relationship to children's and adolescents' drawings, with the aim of uncovering the intrinsic relationship between children's drawings and the structure of their personalities. In the contemporary world, which is grappling with an identity crisis and turmoil within the system of signs and symbols, the image produced by a child or adolescent emerges as a psychological and discursive text through which the child's future and hidden inner world are expressed. The central research problem is articulated through the following questions: How can we gain insight into the sixteen personality types proposed by Carl Gustav Jung through an analysis of the forms, colors, and lines in children's drawings? Furthermore, how can Erik Erikson's stages of identity development be identified in these drawings? Adopting a phenomenological perspective, this study employs a descriptive-analytical method. In its theoretical section, it seeks to draw upon Victor Lowenfeld's philosophy of aesthetics and expression as a bridge connecting Jung's psychological functions with Erikson's stages of will and identity. The innovative dimension of this study lies in its refusal to regard children's drawings merely as manifestations of

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12621]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

tool for identifying the needs of the new generation and building a future worthy of them.

Keywords: Children's Drawing, Reflection of Identity, Child and Adolescent Personality, Jungian Personality Typology, Erikson's Identity Theory, Lowenfeld's Theory of Expression.

biological development. Instead, it compares these drawings with the aforementioned theories and subsequently interprets them as existential evidence through which children construct their worldviews and envision their desired futures. In its practical section, the study analyzes several examples of drawings produced by children and adolescents in order to establish connections with the theories of the three psychologists and to interpret and examine the drawings within their respective theoretical frameworks. Through the semiology of visual representation, the analysis reveals how feeling-oriented types employ pictorial space in contrast to intuitive types, and how the identity crisis is reflected in changes in line and the distortion of forms. The findings of this study emphasize that understanding personality typologies is a fundamental prerequisite for achieving any genuine transformation in systems of education and child protection. Finally, the study presents practical recommendations for governmental and academic institutions, urging them to employ art as a strategic